# ڕێبەری پێنجەم – وانەی حەوتەم

| | |
|---|---|
| ١ | نویژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نویژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کلَێسای مەسیح .

| | |
|---|---|
| ٢ | **بەشداریکردن** (٢٠ خولەك) نامەی کۆرنسۆس ی یەکەم |

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان بخوێننەوە ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێرامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز ( ١ کۆرنسۆس ٦- ٨).

| | |
|---|---|
| ٣ | **لەبەرکردن** (٥خولەك) **یۆحەنا ١: ١٤** |

دوو بەدوو پێداچوونەوەی پێنج ئایەتی لەبەرکردنەکە بکەن تایبەت بە "کەسایەتی مەسیح".

| | |
|---|---|
| ٤ | **فێرکردن** (٨٥ خولەك) **جەژنی بەرزبونەوە : ئاهەنگێران لەیادی بەرزبونەوەی مەسیح بۆ ئاسمان** |

**پێشەکی** : جەژنی بەرزبونەوە جەژنێکی مەسیحیە تیایدا ئاهەنگ دەگێڕین لە یادی بەرزبونەوەی عیسای مەسیح لە زەویەوە بۆ ئاسمان وە دانیشتنی پاشای پاشایان لەسەر تەختی پاشایەتی. کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات و زانیاریمان دەداتێ لە بارەی دانیشتنی عیسا لەسەر تەخت وە کاریگەری

لەسەر ئێمەی باوەڕداران . هەروەها چۆن پێغەمبەران پێشبینیان کردوە بۆ بەرزبونەوەی مەسیح و دانیشتنی لەسەر تەخت . وە چی ڕویدا لە کاتی بەرزبونەوەی و دانیشتنی لەسەر تەخت ، وە چۆن بەرزبونەوەی بۆ ئاسمان و دانیشتنی لەسەر تەخت کاریگەری هەیە لەسەر هەموو کەسێك .

(أ) پێشبینیەکان لەبارەی بەرزبونەوەی عیسای مەسیح

زەبورەکان لە نزیکەی ساڵی ١٠٠٠ پ.ز نوسراوە . بەڵام سیپارەی ئیشایا لە ساڵی ٧٠٠ پ.ز نوسراوە . عیسا لە پێش مردنیدا و نزیکەی ساڵی ٣٠ زایینی پێشبینی بەرزبونەوەی خۆی کرد ؛ واتە زیاتر لە ٤٠ ڕۆژ پێش ڕودانی .

**١- زەبور ٢٤: ١- ١٠ .**

داود ئەم زەبورەی داناو وتیەوە کاتێ سندوقی پەیمانیان دەگواستەوە بۆ شوێنە نوێیەکەی لە چادردا لە شاری داود (سییۆن) (٢ ساموئیل ٦). ئەو کات سندوقی پەیمان وەك نشینگەی خودا لەسەر زەوی لێیان دەڕوانی ( ١ هەواڵی ڕۆژان ١٣: ٦). لەو بۆنەیەدا داود سی هەزار پیاوی هەڵبژاردەی کۆکردەوە بۆ ئامادەکردنی ئەو سندوقەی کە فەلەستینیەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو . داودو هەموو ڕۆڵەکانی ئیسرائیل بە هەموو هێزیانەوە لەبەردەم خوداوەند ئاهەنگیان دەگێڕاو ئامێرەکانی مۆزیکیان دەژەنی وەك دەف و سەنج و عودو قیسارە و ئەوانی دیکە . گەل ئاهەنگیان دەگێڕاو و گۆرانی ڕۆحیان دەوتەوە : زەوی و هەرچی تیایەتی و لەسەریەتی بۆ خوداوەندە . هەر شەش هەنگاو کە دەچونە پێشەوە داود گایەك و گوێرەکەیەکی دابەستەی سەردەبڕی . لەو ڕۆژەدا داود بە هەمو هێزی خۆیەوە سەمای دەکرد لەبەردەم خوداوەند . لێرەدا دانەری زەبور پرسیار دەکات و دەڵێ : " کێ سەردەکەوێتە سەر کێوی خوداوەند (سییۆن)، وە کێ لە جێگای پاکو پیرۆزی ئەو دەوەستێت ( چادری کۆبونەوە ئەوەی لەسەر چیای سییۆن جێگیرکرا پێش دروستکردنی پیرۆزگای خوداوەند لەسەر چیای مۆریا )؟" بە خێرایی وەڵام دەداتەوە : " ئەوەی دەست پاك و دڵ ساف بێت ، ئەوەی مەیلی شتی پووچ نەکات و بە درۆ سوێند نەخوات

(واتە ئەوەی هیچ خودایەك ناپەرستێ جگە لە خودای کتێبی پیرۆز)، لە خوداوەندەوە بەرەکەتی پێ دەگات ، لە خودای ڕزگارکاری بێتاوانکردن ". بەرەکەت لە کتێبی پیرۆزدا مەبەست لە ڕاستیەکی ڕۆحی و هەتاهەتایی وەك شانشینی خودایی ( مەتا ٢٥: ٣٤)، وە بەڵێنی ڕۆحی پیرۆز ( گەڵاتیا ٣: ١٤) ، وە هەموو بەرەکەتێکی ڕۆحی وەکو منداڵی خۆی لە خۆیمان دەگرێت، وە خۆبەخت کردنی لە پێناوماندا ، وە لێخۆشبوون ( ئەفەسۆس ١: ٣- ٧).

بەڵام بێتاوانکردن مەبەست لە ڕزگاریە . لەچوارچێوەی زەبوری ٢٤ ئەو کەسانەی ئەم پێناسەیان بەسەردا پەیڕەو دەبێت هەمویان بە "نەوە" ناودەبرێن ( بڕوانە زەبور ٢٤: ٦). ئەم نەوەیەش لەو کەسانە پێکهاتوون کە داوای خودای کتێبی پیرۆز دەکەن و باوەشیان بە ئامادەگی خوداوەندا کردوە . بەڵام زەبوری ٢٤ پێشبینیەکی مەسیاییە لەبارەی بەرزبونەوەی عیسای مەسیح بۆ ئاسمان ! وە لە ژێر ڕۆشنایی ڕاگەیاندنی پەیمانی نوێ کەس ناتوانێ جگە لە عیسای مەسیح بەرزبێتەوە بۆ ئاسمان و لە ئامادەگی خودای پیرۆزدا بوەستێت . هیچ کەسێك شایستەی ئەوە نیە . وە هیچ کەسێك دەستپاکو دڵ ساف نیە ( ڕۆما ٣: ٩- ١٨). وە کەس ناتوانێ بێتاوانی بەدەست بهێنێ بە هەوڵ و کۆششی خۆی و لە ڕێگەی ملکەچ بوون بە شەریعەت (تەورات) یان هەستان بە کاری چاکە ( گەڵاتیە ٣: ١٠- ١١؛ ئەفەسۆس ٢: ٨- ٩). هەموان گوناهیان کردو لە شکۆی خودا کەوتن ( ڕۆما ٣: ٢٣).

بەڵام عیسا ئامادە بوو بۆ ئەمە . چونکە بێ گوناهەو پڕوتەواوە لە خەسڵەتەکانیدا ( عیبرانیەکان ٤: ١٥؛ ٧: ٢٦، ٢٨). لەبەرئەوە ئەو دەیتوانی بەرزبێتەوە بۆ ئاسمان و لە ئامادەگی خودای پیرۆزدا بوەستێ لە بری ئێمە . ئایا شایەنی ئەوە نیە باوەڕدارانی مەسیح ئاهەنگ بگێڕن لە یادی بەرزبونەوەی عیساو دانیشتنی لەلای ڕاستی خودا ؟

**٢- <u>زەبور ٦٨: ١٦- ٢٠ ، ٢٤- ٢٥ ، ٢٨- ٣٠.</u>**

لەبەرئەوەی خودا پاشایە بەسەر چیاکانی ئیسرائیل ، بە تایبەتیش چیای سییۆن ، ئەوە بە دوور دەزانرێ زەبوری ٦٨: ١٧ ئاماژە بە یەکەمجاری ئامادەکردنی سندوق بکات بەرەو سییۆن . چونکە سندوقی پەیمان دەبرا بە هاوەڵی سوپای ئیسرائیل لە جەنگدا ، ئینجا دەیانگەڕاندەوە بۆ شوێنی خۆی لە سییۆن ، ئەو کات نەوەی ئیسرائیل هەمان گۆرانیان دەوتەوە ( ٢ سامۆئیل ١١: ١١ ، بەراوردی بکە بە ١ سامۆئیل ٤: ٣- ٩).

داود خودا وێنا دەکات بەوەی خودای سەرکەوتوە و لە جەنگەوە بەرزدەبێتەوە بەرەو نشینگەی بەرزی (چادری کۆبونەوە لەسەر چیای سییۆن) هاوکات دیلی سەر پشتی گالیسکەکانی ناژمێردرێن کە بە دوایدا دەڕۆن . ئەو ڕەزامەندە بە دەستکەوتەکانی لە گەلە دۆڕاوەکان . جا لێرەدا شیکاریەکی ورد دەبینین لە بارەی کەژاوەی سەرکەوتنی خودا : خودا پاشایەو لەسەر تەختەکەی دادەنیشێت بە هەموو سامناکی و پیرۆزییەکەیەوە . لە پێشەوە گۆرانیبیژان ، دواتر ژەنیارەکان ، ئینجا دەف لێدەرەکان . وە لێرەدا داود داوا لە خودا دەکات گەلان پەرت و بڵاو بکاتەوە ئەوانەی حەزیان لە کوشتنە ( بەراوردی بکە بە ئیشایا ٢٧: ١) . وە ئەو گەلانە پێناسە دەکات بە " دڕندەی پێچ خواردوی ناو قامیشەڵان " ئاماژەیە بۆ ئەسپی دەریا ( ئەیوب ٤٠: ١٥- ٢٤) یان تیمساح ( ئەیوب ٤١: ١- ١١)، ئەوانە وێنای ئەو گەلانە دەکەن کە گەلی خودایان دەچەوساندەوەو دژایەتیان دەکرد .

**<u>٣- ئیشایا ٩: ٦- ٧ .</u>**

ئەو منداڵەی لەدایك دەبێ لەسەر زەوی بە "خودای توانادار" ناودەبرێت و خاوەنی هەمان سروشتی خودایيە ، ئەوەی خودا هەیەتی "باوکی جاویدانی" . هەروەك چۆن خوداوەند بە "خودای بەتوانا " ناودەبرێت لە ئیشایا ١٠: ٢٠- ٢٢ ، بەهەمان شێوە خوداوەند عیسای مەسیح لە ئیشایا ٩: ٦ بە "خودای بە توانا" ناودەبرێ . وە دوای بەرزبونەوەی بۆ ئاسمان و دانیشتنی لەسەر تەخت ، هەموو سەرۆکایەتی و بەرپرسیارێتی گەردون

دەکەوێتە ئەستۆی . وە گەشەسەندنی سەرۆکایەتیەکەی بێ کۆتاییە لە هەموو جیهاندا . هەروەها ئاشتی بەرقەراردەکات لە نێوان خوداو مرۆڤ ، وە لە نێوان مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر لە ڕێگەی قوربانیە کەفارەتمەندانەکەی (ڕۆما ٥: ١- ١١). وە هەڵدەستێ بە دامەزراندنی شانشینەکەی و جێگیری دەکات و دەیچەسپێنێ بە ڕاستودروستی هەر لە سەرەتای هاتنیەوە بۆ هەتاهەتایە !

٤- یۆحەنا ٣: ٩- ١٣ .

هاتنە خوارەوەی عیسای مەسیح هەندێ کاروباری ئاسمانی بۆ ئاشکرا کردین ، هەروەها بەدوایدا بەرزبونەوەشی بۆ ئاسمان :

**(أ) عیسای مەسیح تەنها کەسە لە مێژوودا کە لە ئاسمانەوە هاتەخوارەوەو پاشان بەرزبۆوە بۆ ئاسمان!**

عیسا دەفەرموێ هیچ کەسێك لە مێژوودا بەرزنەبۆتەوە بۆ ئاسمان تاکو ڕاستی شتەکانی ئاسمان بزانێ . ئەو تەنها کەسە کە نیشتەجێی ئاسمانەو لێوەی هاتۆتە خوارەوە . ئەو تەنها کەسە کە کاروباری ئاسمان دەزانێ و بۆمانی ئاشکرا دەکات ( یۆحەنا ٣: ٩- ١٣). عیسای مەسیح هاتە خواری خوارەوەی زەوی و بەرزبۆوە بۆ سەرووی ئاسمانەکان ( ئەفەسۆس ٤: ٩- ١٠). هیچ پێغەمبەرێك نەبوە لە مێژوودا یاخود بانگەشەی کردبێ بۆ پێغەمبەرایەتی و لە ئاسمانەوە هاتبێ و گەڕابێتەوە بۆ ئاسمان ! هەرچەندە ئەخنوخ و ئیلیا بەرزبونەوە بۆ ئاسمان بەڵام ئەوان لێوەی نەهاتوونە خوارەوە . بەهەمان شێوە هەموو پێغەمبەران لە هەر شوێنێکی جیهاندا بووبن تا ئێستا مردوون و لە نێو گۆڕەکانیانن . وە لە ئاسمانەوە نەهاتوونە خوارێ و بەرزیش نەبوونەوە بۆ ئاسمان .

عیسای مەسیح تەنها مرۆڤە لە نێوان مردوان هەستایەوەو تا ئێستا زیندوە ! ئەو تەنها کەسێکە لە ئاسمانەوە هات و گەڕایەوە بۆ ئاسمان ! بەڵێ ئەو تەنها کەسێکە لە ئامسانەوە هاتە خوارەوەو بەرزبۆوە بۆ ئاسمان . ئەم ڕاستیەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی عیسای مەسیح مەزنترین پێغەمبەرە لە هەموو زەمەن و سەردەمەکاندا ؛ بەڵکو لەوەش زۆر زیاتر ! ئەو تەنها

مەزنترین سەرۆك كاهین و مەزنترین پێغەمبەر و مەزنترین پاشا نیە بەڵكو لەگەڵ ئەوانەشدا خودایە ! ئەو خودایەیە كە سروشتی مرۆیی وەرگرت بێ ئەوەی دەستبەرداری سروشتە خوداییەكەی بێت . ئەو خودایەیە نەك تەنها لە ڕێگەی ستونی هەورو ستونی ئاگرەوە خودی خۆی دەردەخست ( دەرچون ٣: ٢؛ ١٣: ٢١؛ ١٩: ١٨)، بەڵكو هەروەها خودی خۆی لە كەسایەتی عیسای مەسیحی مێژووییدا دەرخست ( یۆحەنا ١: ١، ١٤، ١٨).

**(أ) عیسای مەسیح هاتە خوارەوە لە ئاسمان تاكو شتە ئاسمانیەكان ئاشكرا بكات بۆ مرۆڤ ( یۆحەنا ٣: ١٢).**

عیسا لە ئینجیلی یۆحەنا ٣: ١١ دەفەرموێ خۆی و یەحیای لەئاوهەڵكێش "كاروبارەكانی ئاسمانیان" دەزانی و شایەتیاندا بۆی . بەڵام ڕابەرە ئاینیەكانی جولەكە شایەتیەكەیانی پەسەند نەكرد . عیسا توانی ئەوە بڵێ چونكە دڵی ئەوانی دەبینی و دەیزانی چی تێدایەو چۆن دوودڵن لە پەسەندكردنی فێركردنەكانی ( بڕوانە یۆحەنا ٢: ٢٥).

عیسا لە یۆحەنا ٣: ١٢بەوانەی فەرموو : " باسی شتەكانی سەرزەویم كرد بۆتان باوەڕتان نەكرد، ئیتر چۆن باوەڕ دەكەن ئەگەر باسی شتە ئاسمانیەكانتان بۆ بكەم ؟"

__شتە زەمینیەكان__ :عیسا باسی شتە ئاسمانیەكانی كرد بە شێوەی سروشتی وەك ئەوەی لەسەر زەوی ڕودەدەن . نمونەش لەسەر ئەوە : هاتنی مەسیح بۆ ئەوانەی خۆی ( یۆحەنا ١: ١١)، وە مردن و هەستانەوەی مەسیح ( یۆحەنا ٢: ١٩)، وە ڕاگەیاندنی هەواڵی موژدەی خۆش بۆ نەتەوەكان لە هەموو شوێنەكانی جیهان ( یۆحەنا ٣: ١٦- ١٧)، وە لە ئاوهەڵكێشان و باپتیزم بە ڕۆحی پیرۆز (نوێبونەوە) یۆحەنا ١: ٣٣؛ ٣: ٣- ٨ ). خودا لە پەیمانی كۆندا باسی هەمان ئەو شتانەی كردبوو : " ئاوێكی پاكتان بەسەردا دەپڕژێنم و لە هەموو گڵاویەكانتان پاك دەبنەوەو لە هەموو بتەكانتان پاكتان دەكەمەوەو دڵێكی نوێتان پێ دەدەم و ڕۆحێكی نوێ دەخەمە ناوتانەوەو دڵە بەردەكە لە گۆشتتان دەكەمەوەو دڵێكی گۆشتتان پێ

دەدەم . ڕۆحی خۆم دەخەمە ناوتانەوەو واتان لێدەکەم بە ڕێی فەرزەکانمدا بڕۆن و حوکمەکانم بپارێزن و کاریان پێبکەن ." ( خزقیال ٣٦: ٢٥-٢٧). نوێبونەوە لە چوارچێوەی شارەزایی مرۆڤ ڕودەدات لەسەر زەوی ، چونکە هەموو ئەوانەی شارەزاییان هەیە لە پەیمانی کۆن و تێڕامان لەوەی ناوەوەیان بێ توانایە لە ڕازی کردنی خودا ئەوە باش دەزانن کە پێویستیان بە لەدایکبونەوەی نوێ هەیە !

لەگەڵ ئەوەی پەیمانی کۆن و عیسا لە پەیمانی نوێ خەڵکەکەیان فێر دەکرد بۆ پێویستی نوێ بونەوەیان بە هۆی ڕۆحی پیرۆز ، بەڵام زۆرینەی جولەکە ڕەتیان کردەوە . تەنانەت نیقۆدیمۆس و هاوشێوەکانی پێیان وابوو ئەم شتە زەمینەییانە مایەی بڕواپێکردن نین ، ئیتر چۆن باوەڕیان دەکرد ئەگەر عیسا باسی شتە ئاسمانیەکانی بۆیان بکردایە ؟

**<u>شتە ئاسمانیەکان</u>** : شتە ئاسمانیەکان ئەو شتانەن کە لە ئاسمان ڕوودەدەن ، تەنانەت پلانە خودایە جاویدانیەکەی بۆ ڕزگاری ئەوەی عیسا لە ئینجیلی یۆحەنا ٣: ١٣- ١٨ شیکردەوە . وە تەنها کوڕی خودا لە ئامەدەگی خودادا بوە و زانیاری هەیە لەهەموو ئەو بڕیارانەی لە ئاسمان دراوە . هیچ کەسێ نەڕۆیشتوە بۆ ئاسمان تاکو شتە ئاسمانیەکان بزانێت . بەڵام عیسا لە ئاسمانەوە هات ، ئەو شتە ئاسمانیەکان دەزانێ و ئاشکرای دەکات بۆمان . وە پلانی خودای ئاسمانی ڕزگاریە بۆ گەلەکەی لە هەموو نەتەوەو گەل و زمانەکانی جیهان . وە پلانی خودای ئاسمانی بۆ ڕزگاری خەڵکی خۆی لە مردن و هەستانەوەی عیسای مەسیحدا دەبینێتەوە . وە پلانی خودای ڕزگاریی لە دەرەوەی سنوری مەعریفەو تواناو هۆشی مرۆڤ بوو تاکو خودا خۆی ئاشکرای کرد بۆ مرۆڤ ( ١کۆرنسۆس ٢: ٧- ١٠). عیسا نەك هەر کاری کرد لەسەر ئاشکراکردنی پلانی خودای ئاسمانی بەڵکو هەروەها لەسەر جێبەجێکردنی و فەراهەم کردنی بۆ مرۆڤ !

**<u>٥- یۆحەنا ١٤: ١- ٣ .</u>**

کاتێ عیسا فەرموی : قوتابیەکانی ناتوانن بڕۆن بۆ ئەو شوێنەی کە ئەو بۆی دەڕوات (بەرزبونەوەی بۆ ئاسمان ) ، قوتابیەکانی دڵتەنگ بوون .

ئەوان دڵتەنگ بوون چونکە عیسا پێی وتن بەجێیان دەهێڵێ . وە هەستیان بە شەرمەزاری کرد چونکە پێشتر کێبڕکێی یەکتریان دەکرد لەسەر ئەوەی کێ مەزنترینە لە نێو هەموياندا ، ئینجا سەریان سوڕما بە هۆی پێشبینیەکەی عیسا کە یەکێك لەوان ناپاکی بەرامبەر دەکات ، وە یەکێکی تر لە قوتابیەکان نکۆڵی لێدەکات ، وە هەموان وازی لێ دەهێنن . وە توشی بارگرژی و گومان بوون لە باوەڕەکەیان بەهۆی بیرکردنەوەیان لەوەی عیسا وتی دەربارەی ناپاکی یەکێکیان لە بەرامبەریدا . لە هەمان کاتدا عیسایان خۆش دەویست و هیوای ئەوەیان دەخواست گۆڕانکاری بەسەر شتەکاندا بکرێت . لە ڕاستیدا باوەڕی قوتابیەکان جێی گومان بوو . لەبەرئەوە عیسا هانیدان و پێی وتن بەردەوام بن لە باوەڕیان بە خودای باوك و بە ئەو .

عیسا لە گفتوگۆکەی لەگەڵ قوتابیەکاندا وتی ، ئەو دەڕوات تاکو شوێن ئامادە بکات بۆ قوتابیەکانی لە ماڵی خودای باوك. وە "ماڵی خودا" ئاسمانە پێش هاتنەوەی دوەمی مەسیح (زەبور ٣٣: ١٣- ١٤؛ ئیشایا ٦٣: ١٥) . وە هەروەها زەوی نوێیە دوای هاتنەوەی دوەمی عیسای مەسیح ( ئیشایا ٦٥: ١٦- ١٧ ؛ بینین ٢١: ١- ٣). وە وشەی "شوێن" لێرەدا ئاماژەیە بۆ چارەنوسی هەتاهەتایی و پێگەو شوێنی نیشتەجێبونی باوەڕداران. لە ڕێگەی مردنی عیسای مەسیحەوە ئیدی قوتابیەکان دەتوانن لەگەڵیدا بۆ هەتاهەتایە بژین . ئەمەش چارەنوسی هەتاهەتاییانە . وە لە ڕێگەی هەستانەوەیەوە بەڵێنی دا بە قوتابیەکانی وە ئامادەی کردن بۆ شوێنی هەتاهەتاییان . وە لە ڕێگەی بەرزبونەوەیەوە بۆ ئاسمان ئەو شوێنەی ئامادە کرد بۆ قوتابیەکانی . ئینجا عیسا فەرموی ئەو بۆ جاری دوەم دەگەڕێتەوەو ئەوانیش دەبات تاکو لەگەڵ خۆیدا بن . عیسا ئەو کات بە پلەی یەکەم بیری لە مردنی جەستەیی باوەڕداران نەدەکردەوە ، بەڵکو بیری لە هاتنەوەی دوەمی دەکردەوە . کاتی هاتنەوەی دوەمی پێشوازی دەکات لە باوەڕداران ، ئینجا دەستلەملانی یەکتر دەبن و دڵخۆش دەبن بە ئامادەبونیان لەگەڵیدا ! ئەمەیە ئەو هۆکارەی کە قوتابیەکانی بەجێهێشت و بەرزبۆوە بۆ ئاسمان ئەمەش هەواڵێکی خراپ نیە ، بەڵکو بەرەکەتە بۆ ژیانیان ( بڕوانە ١٦: ٧)!

وە دەکرێ ئەم بەشەی کتێب پەیڕەو بکرێت لەسەر مردنی جەستەی باوەڕدار چونکە هەروەها ڕۆحی مایەی پێشوازیە لە ئاسمان ( فیلیپی ١: ٢١- ٢٣). ئەم هیوای زیندووە بزوێنەرو هاندەری باوەڕدارانە بۆ بەردەوامی باوەڕیان بە عیسای مەسیح !

**٦- یۆحەنا ١٦: ٧ .**

عیسا باسی ڕۆیشتنەکەی کرد (واتە : بەرزبونەوەی بۆ ئاسمان ) کە بەسودە بۆ قوتابییەکانی ، چونکە هەر لەوکاتەدا ڕۆحی پیرۆز وەردەگرن . عیسا پێشتر هەواڵی پێدابوون بۆ ئەوان باشترە کە بڕوات تاکو شوێنیان بۆ ئامادە بکات (یۆحەنا ١٤: ٢، ٢٨). هەروەها توانایان دەداتێ بۆ ئەنجامدانی کاری مەزن (یۆحەنا ١٤: ١٢)، وە تێگەیشتنیان لە پەیوەندی نێوان خودای باوك و خودای کوڕ (یۆحەنا ١٤: ٢٠). وە هەروەها پێی وتن ئەو زۆر لێیان نزیك دەبێت لەهەموو کاتەکانی تر زیاتر چونکە نەك تەنها لەگەڵیاندا دەبێ بەڵکو لەڕێگەی ڕۆحیەوە لەناویاندا دەبێت (یۆحەنا ١٤: ١٦، ١٧، ٢٨) ! لەبەرئەوە دیارنەمانی عیسا لەبەرچاوی قوتابییەکان کارەسات نەبوو بەڵکو ناوازەیەکی مەزن و سەرکەوتنێکی مەزن بوو !

بەڵام پێش ڕودانی ئەمە ، دەبوو عیسا بمرێت لەسەر خاچ و لەنێو مردوان هەستێتەوە تاکو مافی ڕزگاری بدات بە گەلەکەی. چونکە بەبێ مافی ڕزگاربونیان ، هیچ شتێك ناتوانێ ڕزگاریان بکات ! لەبەرئەوە دەبوو عیسا بمرێ لەسەر خاچ و لەنێو مردوان هەستێتەوە . وە دوای بەرزبونەوەی بۆ ئاسمان و هاتنی ڕۆحی پیرۆز ، عیسا مافی ڕزگاریەکەی پەیڕەو دەکات لەسەر ژیان و دڵی باوەڕداران لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە !

بەم شێوەیە ، ئەگەر عیسا قوتابییەکانی بەجێنەهێشتایە بە سروشتە بینراو و سنوردارە مرۆییەکەی ، نەیدەتوانی بگەڕێتەوە بۆلایان بە سروشتە خوداییە نەبینراو و بێ سنورەکەی لە ڕوخساری ڕۆحی پیرۆزدا . چونکە عیسا هات بۆ زەوی بە سروشتی مرۆڤانەی بینراو تاکو خودای نەبینراو ئاشکرا بکات بۆیان وکەفارەتی گوناهەکانیان بکات . ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ

زەوی بە سروشتە خوداییە نەبینراوەکەی تاکو کاری ڕزگاری جێبەجێ بکات ئەوەی دەستی پێکرد و تەواوی کرد لە ژیانی باوەڕداراندا لە هەموو جیهاندا و بە درێژایی مێژوو ( بڕوانە ڕۆما ٨ ؛ گەڵاتیە ٤: ٤- ٧)!

بەم شێوەیە ، هەماهەنگی تەواو هەیە لە نێوان خودای باوك و خودای کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لەم کاری ڕزگاریەدا . خودای باوك ڕۆحی نارد ( یۆحەنا ١٤: ٢٦) ، وە خودای کوڕ ڕۆحی پیرۆزی نارد ( یۆحەنا ١٥: ٢٦؛ ١٦: ٧)، وە ڕۆحی پیرۆز دەڕوات ! وە ڕۆحی پیرۆز کاریگەریەکی لە ڕادەبەدەری هەیە لەسەر جیهان ( یۆحەنا ١٦: ٨- ١١) وە لەسەر کڵێسا ( ئەفەسۆس ٢: ٢٢).

## ٧- یۆحەنا ٢٠: ١٧ .

مەریەمی مەجدەلی بوە یەکەم شایەت لەسەر هەستانەوەی مەسیح و بەرزبونەوەی . هەرچەندە عیسا ژنەکانی دیکەشی ڕاسپارد کە هەواڵ بدەن بە قوتابیەکان لەوەی ڕویداوە و لە جەلیل پێیان دەگات (مەتا ٢٨: ٧) ، بەڵام هەروەها مەریەمی مەجدەلی ڕاسپارد کە هەواڵ بدات بە قوتابیەکان لەبارەی ئەو ڕوداوە مەزنەی مێژووی ڕزگاری ئەوەی لەسەروبەندی ڕودانیدا بوو ، بە دیاریکراویش بەرزبونەوەی عیسا بۆ ئاسمان !

عیسا پێشبینی کرد کە دەڕوات بۆ لای باوکی ئاسمانی . بەم هۆیەوە ئیدی قوتابیەکان ناتوانن لەگەڵیدا بن وەکو جاران . پێش مردنی عیسا مەریەمی مەجدەلی هەموو ڕۆژێك ئامادە بوو لەگەڵ عیسا و قوتابیەکانی و ژیانێکی هاوبەشی خۆشی لەگەڵ بەسەر دەبرد . وە دوای هەستانەوەی لە نێو مردوان ، مەریەم پێی وابوو دەتوانێ بەردەوام بێت لەو ژیانە هاوبەشە لەگەڵیدا بەهەمان شێوەی جاران . لەبەرئەوە کەوتە سەر پێیەکانی وەك گوزارشێك لە کڕنوش بردن بۆی ؛ ئەوەبوو دواتر ژنەکانی دیکە هەمان شتیان کرد ( مەتا ٢٨: ٩). وە عیسا ناڕازی نەبوو لەوەی دەستی لێبدەن . دواتر دەبینین عیسا بانگی تۆماس دەکات بۆ ئەوەی دەستی لێ بدات ( یۆحەنا ٢٠: ٢٧). بەڵام عیسا پێی فەرموو کە نابێت بەو شێوەیە بەردەوام

پەیوەست بن پێوەی وەك ئەوە وابوو پێی بڵێ دەیەوێ دوبارە ڕێگری بکات لە ڕۆیشتنی . ئیدی ماوەی پێکەوە بوونی عیسای بینراو لەگەڵ قوتابیەکانی کۆتایی پێهات . عیسا دەرکەوت بۆ یەکێك لە قوتابیەکان دواتر بۆ یەکێکی تریان . لەبەرئەوە بوو هەواڵیان بداتێ لەوەی بوەستن لە هەوڵەکانیان بۆ گلدانەوەی لای خۆیان . چونکە ئەو بڕیاری دابوو بەرزبێتەوە بۆ لای باوکی لە ئاسمان . وە ئەو پەیوەندیەی ڕۆژانە هەبوو لە نێوان عیساو شوێنکەوتەکانی لەسەر زەوی وەك خۆی نامێنێتەوە . پاشان لە بری تێکەڵ بونیان لەگەڵ عیسا لەیەك شوێنی سەر زەوی ، لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە لە هەموو شوێنێکی سەر زەوی تێکەڵی دەبن (بەراوردی بکە بە ڕۆما ٨: ٩- ١٠ ؛ ٢ کۆرنسۆس ٣: ١٦ – ١٨ ؛ یۆحەنا ١٦: ١٣- ١٥، ١٩، ٢٨)! چونکە لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە ، چێژ لە ژیانێکی هاوبەش دەبینن لەگەڵ عیسادا کە بەردەوامەو پچڕانی نیە ! وە ئەم ژیانی هاوبەشیە قوڵترو بەها ترە لەبەرئەوەی ژیانی هاوبەشی خودای هەستاوەیە لە ئاسمان لەگەڵ کڵێساکەی لەسەر زەوی !

لەلایەکی دیکەوە ، عیسا جیاوازی نێوان خۆی و قوتابیەکانی پشتڕاست کردەوە . کاتێ عیسا فەرموی : " باوکم و باوکیان " وە " خودام و خودایان " بە ئاشکرا ئەم دوو پەیوەندیەی ڕونکردەوە : چونکە عیسا بە سروشتی خۆی کوڕی خودایە ( یۆحەنا ١: ١، ١٨ ؛ ١٠: ٣٠- ٣٣ ) هاوکات باوەڕداران منداڵی خودان بە لەخۆگرتنەوە ( یۆحەنا ١: ١٢- ١٣ ؛ ئەفەسۆس ١: ٤- ٥ ). لەگەڵ ئەمەشدا عیسا جەختی دەکردەوە لەسەر ژیانێکی هاوبەشی تۆکمەو پتەو لەگەڵیاندا . ئەمەش بە واتای ڕۆحی ئەوە دەگەیەنێ کە خودا ئەوەی باوکی عیسایە هەروەها باوکی قوتابیەکانیشە ! ئیدی عیسا بەرزبۆوە بۆلای ئەو خودایەو بۆ لای ئەو باوکە.

**(ب) ڕوداوەکانی دەوروبەری بەرزبونەوەی عیسای مەسیح**

**<u>١- کرداری نێردراوان دەروانێتە بەرزبونەوەی عیسای مەسیح لە روانگەیەکی زەمینەییەوە .</u>**

کردار ۱: ۳- ۱۱؛ لۆقا ۲٤: ٥۰ – ٥۳ **بخوێنەوە** .

دوای هەستانەوەی لە نێو مردوان ماوەی چل ڕۆژ
عیسا دەرکەوت بۆ قوتابیەکانی و باوەڕدارانی تر . جارێکیان عیسا لەگەڵ قوتابیەکانیدا خواردنی خوارد لە ئۆرشالیم . وە پێی وتن : " ئۆرشالیم بەجێ مەهێڵن ، بەڵکو چاوەڕێی بەڵێنەکەی باوك بکەن کە لە منەوە بیستتان " هەروەها بەڵێنی پێدان بە ڕۆحی پیرۆز باپتیز بکرێن بە زووترین کات . بەم شێوەیە ئەوان هێزیان دەستکەوت تاکو بتوانن ببنە شایەت بۆ مەسیح لە نێوان جولەکەو سامیریی و نەتەوەکاندا .

لەگەڵ ئەوەی پیرۆزی کردن بە بەرچاویانەوە بەرزبۆوە بۆ ئاسمان و بە جێی هێشتن . قوتابیەکان چاویان بە دوایەوە بوو تا هەورەکە لەبەرچاویانی دورخستەوەو شاردیەوە . لە پڕێکدا دو پیاو بە جل وبەرگی سپیەوە دەرکەوتن و پێیان وتن : " جەلیلیەکان، بۆچی ڕاوەستاون سەیری ئاسمان دەکەن ؟ ئەم عیسایە ، کە لە نێوانتان دا بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە ، چۆن بینیتان دەچووە ئاسمان ، ئاواش دێتەوە " ! بەم شێوەیە جەستەی عیسای شکۆدار هەر جەستەی مرۆڤانە بوو وە پێکهاتبوو لە گۆشت و ئێسقان ، ئەو خواردنی خوارد ( بڕوانە لۆقا ۲٤: ۳۹ – ٤۳). کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە عیسا " بۆلای خوداو تەختی شاهانەی بەرزبۆوە " (بینین ۱۲: ٥) ، وە لە لای ڕاستی خودا دانیشت ( مەرقۆس ۱٦: ۱۹؛ ئەفەسۆس ۱: ۲۰ )، وە بەهەمان شێوەی بەرزبونەوەی بۆ ئاسمان جارێکی تر دەگەڕێتەوە .

لەو کاتەدا قوتابیەکان کڕنوشیان بۆ بردو گەڕانەوە بۆ ئۆرشالیم بە شادیەکی گەورەوە . بە دڵنیاییەوە هۆکاری دڵخۆشیەکەیان ئەو بەڵێنە بوو کە عیسای پێیدان . ئیدی قوتابیەکان بەردەوام لە پەرستگا بوون و ستایشی خودایان دەکرد ( بڕوانە بینین ٥: ۱۳).

## **۲- سیپارەی بینین بە تێروانینێکی ئاسمانیانە دەڕوانێتە بەرزبونەوەی عیسای مەسیح .**

بينين ٥: ١- ١٣ **بخوێنەوە .**

بیرۆکەی سەرەکی ئەم بەشە ئەوەیە کە " خودا پلانە جاویدانیەکەی تەواو دەکات لە ڕێگەی ئەو بەرخەی لە ناوەڕاستی تەختی شاهانەدایە " .

( أ) نامە پێچراوەکەی ئاسمان ( بینین ٥: ١)

نامەیەکی پێچراوە لە ئاسمانە لەگەڵ خودا ! ئەو پێچراوەیە لەسەر شێوەی دۆلابی کتێبە . هیچ کتێبێکی ئاینی لسەر زەوی کۆپیەکی ئەو پێچراوەیەی نیە چونکە مۆر کراوەو هیچ زانیاریەکی ناوەوەی ئاشکرا نەکراوە بۆ هیچ پێغەمبەرێك لە مێژوودا . تەنها یەك کەس هەیە لە مێژووی ئەم جیهانەدا شایەنی ئەوەیە مۆرەکە لابەرێ و پێچراوەکە بکاتەوە ! تەنها ئەو تواناداره بە ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی پێچراوەکە و جێبەجێکردنی ئەوەی تیایدا هاتوە ! ئەویش عیسای مەسیحە . ئەو تەنها کەسێکە کە مرد بۆ کەفارەتی گوناهەی خەڵکی . ئەو تەنها کەسێکە هەستایەوە لە نێو مردوان و هەتاهەتایە زیندوە ! هەموو پێغەمبەرانی دیکە لە گۆڕەکانیاندا مانەوە . بەڵام عیسای مەسیح هەستایەوەو بەرزبۆوەو جارێکی تر گەڕایەوە بۆ ئاسمان.

لێرەدا دەبینین بەرخەکە پێچراوەکە لە دانیشتوی سەر تەختەکە وەردەگرێت . وە ئەم پێچراوەیە پێکهاتوە لە دوو توێی یاساکانی خودا سەبارەت بە مێژووی جیهان و مێژووی کڵێسا لە جیهاندا . هەروەها پلانی جاویدانی خودای لە خۆ گرتوە کە دەبێتە ڕوداوێکی مێژوویی لە مێژوی ڕزگاریدا لە " کۆتایی زەمانە " دا ( عیبرانیەکان ٩: ٢٦ ؛ یۆحەنا ١١: ٢٤) ؛ واتە بەدرێژایی ماوەی پەیمانی نوێ . وە ئەم ڕوداوە مێژووییە مەزنانەو یەکلاکەرەوانە کە هاتنی شانشینی خودا ئاشکرا دەکات ڕوداوێکی بینینەو ( توندوتیژ و زەبەلاحە) چونکە پلانی جاویدانی خودایی بۆ ڕزگاریی و تاوانبارکردن ئاشکرا دەکات . خودا لەسەر تەختەکەی دانیشتوە لە چەقی گەردوندا پلانی جاویدانی جێبەجێ دەکات بۆ سەر زەوی و خەڵکەکەی لە

ڕێگەی عیسای مەسیحەوە . وە عیسای مەسیح ئەم پلانە ڕزگاریی و تاوانبارکردنە ئاشکرا دەکات و جێبەجێی دەکات .

ئەم پێچراوەیە جیاوازە لە هەموو کتێبێکی تری سەر زەوی ! چونکە کتێبی ئاینی و نائاینی ئەو ڕوداوانە دەنوسنەوە کە پێشتر ڕوایانداوە و باسی ژیانی چەند کەسایەتیەکی ئاینی و نائاینی دەکەن و وتەو دەستکەوتی ئەو جەنگەکانیان ئەنجامیان داوە دەنوسنەوە . بەڵام بە خوێندنەوەی ئەم پێچراوەیەی ئاسمان ، ئەو ڕوداوانەی تیایدا نوسراون دەستدەکەن بە ڕوودان ! ئەم پێچراوەیە ڕوداوەکانی پێشوو ئاشکرا ناکات ، بەڵکو ئەوەی بەم نزیکانە ڕوو دەدات ( بینین ١: ٣) ! لەگەڵ کردنەوەی مۆرەکە لەلایەن عیساوە ، وشە نوسراوەکانی ناو ئەم پێچراوەیە ئاشکرا دەبن و دەست دەکەن بە ڕوودانی پیشبینیەکان لە مێژووی مرڤایەتیدا لەسەر زەوی ! وە " کردنەوە " ی پێچراوەکەی ئاسمان وێنەیەکی عیسای مەسیحە کە باڵا دەستە بەسەر هەموو ڕوداوەکان و خەڵکیدا لەسەر زەوی بە درێژایی مێژووی پەیمانی نوێ . ئەوەی خودا کردی لە بەدیهێنراوان عیسا بە ئاشکرا کردی ! هەموو ئەوەی خودا کردی کاتی دروستکردنی گەردون بە وشەیەکی دیاریکراو ڕایگەیاند ئیدی شتەکانی هێنایە بوون (بەرچاو و بەرهەست) کە لە بنەڕەتدا پێشتر بونیان نەبوو ( پەیدابون ١: ٣؛ زەبور ٣٣: ٦ ؛ ڕۆما ٤: ١٧؛ عیبرانیەکان ١١: ٣). کردنەوەی پێچراوەکە لەلایەن عیساوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕوداوە مێژووییەکانی تایبەت بە ڕزگاری و حوکمدان ئەوەی لە پێچراوەکەدا نوسراون ! لەگەڵ کردنەوەی یەکێك لە مۆرەکان لەلایەن عیساوە دەستبەجێ ناوەڕۆکی پەیوەست بەو مۆرە جێبەجێ دەکرێت ( بەشی ٦ لە سیپارەی بینین ).

(ب) پەیامی کردنەوەی مۆرەکانی پێچراوەکە ( بینین ٥: ٢- ٤ )

بە درێژایی مێژوو هیچ کەسێك شایەنی کردنەوەی پێچراوەکەو ئاشکراکردنی ناوەڕۆکەکەی نەبوە هاوکاتیش ئەو شتانەی تیایدا هاتوە جێبەجێ بکرێت . تاوەکو پێچراوەکە مۆرکرابێ شتە بەدیهێنراوەکان و ڕوداوە مێژووییەکانی سەر زەوی بە بێ گۆڕانکاری وەکو خۆیان دەمێننەوە ! ئەگەر پێچراوەکە بە مۆرکراوی بمایەتەوە هیچ گۆڕانکاریەکی

بەر هەست لە دۆخی کڵێساکان ڕوینەدەدا . بۆ وێنە ئەگەر پیچراوەکە بە مۆرکراوی بمایەتەوە کڵێسای ئەفەسۆس بە مردویی دەمایەوە ڕەنگە دەستی بگرتایە بە ڕاستی مەسیحەوە بەڵام لاواز دەبوو لە خۆشەویستی مەسیح ( بینین ٢: ١- ٧ ) هەروەها ئەگەر پێچراوەکە بە مۆرکراوی بمایەتەوە کڵێسای ساردس دەچەوسایەوە بە ئاینەکانی دیکە ( بینین ٣: ١- ٦). ئەگەر پێچراوەکە بە مۆرکراوی بمایەتەوە کڵێسای لاودکیە ڕۆدەچوو لە خۆخەڵەتاندن و هەڕەشەی ئارەزوی دەوڵەمەندی و سەروەت و سامان و شتی جیهانیان لەسەر دەبوو ( بینین ٣: ١٤- ٢٢).

ئیدی بەم شێوەیە ، تاوەکو پێچراوەکە بە مۆرکراوی بمایەتەوە , ڕەنگە کڵێسا بە تەواوی لەناو نەچوایە بەڵام هەڵنەدەستایەوە بۆ بەدەستهێنانی شکۆی کۆتایی ! بەمەش مێژوی سەر زەوی بێ کۆتایی دەمایەوە ، وە ئەو ململانێیەی کڵێسا دەیکات هیچ ئەنجامێکی نەدەبوو ! بەهەمان شێوە بەدیهێنراوان و ڕوداوە مێژوییەکان نەدەبزوان بەرەو چارەنوسی کۆتاییان ! ئەم ڕاستیە وا دەکات هەموو شتەکانی سەر زەوی ماندوو بن بەتەواوی . ئەو کات هیچ جەنگێکی یەکلاکەرەوە نەدەبوو وە هیچ سەرکەوتنێکی دڵنیاییش نەدەبوو ! هەموو چاکسازیە نوێیەکان ڕوبەڕوی گەندەڵی و کاولکاری و هەوڵی پەکخستن دەبۆوە ! وە لە دوای هەر ڕابونێك ، تەمبەڵی و سستی باڵی دەکێشا بەسەریاندا . وە کڵێسا ماوەکانی مێژوی بە شێوەی جەزرومەد بەسەردەبرد ( ڕونکردنەوەی وەرگێڕ بۆ وشەی جەزرومەد ئەگەر نامۆ بوو بەلای هەندێکتانەوە ، مەبەست لەو دیاردە سروشتیەیە کە لە زەریاو دەریاکاندا ڕوو دەدات ئەویش بەرزبونەوەو نزم بونەوەی ڕێژەی ئاوە * مەبەستی نوسەر ئەوەیە واتە کڵێسا ماوەیەك لە بەرزیدا دەبوو ماوەیەکیش لە نزمی ) . وە جیهان وەك لەناو بازنەیەکدا بسوڕێتەوە هەمان ڕوداوەکانی دوبارەو چەند بارە دەکردەوە . وەك بڵێی هەرگیز ڕوداوە ناخۆشەکان لەسەر زەوی کۆتاییان پێنایەت.

تاوەکو پێچراوەکە بە مۆرکراوی بمایەتەوە ،شەیتان نەیدەتوانی هیچ کاتێ سەرکەوتوو بێت ! شەیتان نەتەوەکان دەجولێنێ تاکو ڕقیان لە هەر شتێك بێت کە پەیوەندی بە عیسای مەسیح و کڵێساوە هەبێت ، بەڵام ناتوانێ

سەرکەوتوو بێت لە سڕینەوەی ناوی عیسای مەسیح ! هەروەها شەیتان و هاوکارانی هەمان دۆخی جەزرومەدیان تاقی دەکردەوە . لە هەموو دۆخەکاندا شەیتانیش و کڵێساش ناتوانن مۆرەکانی پێچراوەکە بکەنەوە . هەروەها شەیتانیش و کڵێساش نەیاندەتوانی سەرکەوتنی کۆتایی دیاری بکەن ! ئەگەر کڵێسا بیبینیایە ئەم ململانێیە کۆتایی نابێت هەستی بە شەکەتی و ڕوخان دەکرد ! ئەگەر کەسێ نەبایە بتوانێ مۆرەکانی پێچراوەکە بکاتەوە ئەوا ڕوداوەکانی زەوی دەگۆڕا بۆ کارەساتێکی بێ کۆتایی !

بەڵام بۆچی مێژوی ئەم جیهانە لە دۆخی پڕ لە نەگبەتی و ڕەشبینیدا ماوەتەوە ؟ وە بۆچی ئەم ململانێ و جەنگانە بەردەوامن و بێ کۆتایین ؟ لە ڕاستیدا ناتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە ، بەڵام دەزانین هەندێ نهێنی شاراوە هەیە لە ژیاندا ( وتەکان ٢٩: ٢٩؛ ئیشایا ٥٥: ٨- ٩ ). وەك چۆن دەبینین مێژوی ئەم جیهانە تەنها بریتی نیە لە ململانێ کردن لەسەر دەسەڵات ! وە ناکرێ مرۆڤ بڵێ ئەگەر خودا خواستی بوایە دەیتوانی شەیتان لەناو بەرێت و سنورێك دابنێت بۆ ئەم ململانێیە، چونکە شەیتانیش هەروەها بیروبۆچونی یاسایی هەیە . بە کەوتنی مرۆڤ لە گوناهەدا ، جیهان بوە خراپەکار و ملکەچی شەیتان بوو بە شێوەیەك لە شێوەکان . ئێمە لە وشەکانی خودا دەخوێنینەوە کە " هەمو جیهان لە ژێر دەستی خراپەکار ( ئیبلیس ) دانراوە " (١یۆحەنا ٥: ١٩). لەبەرئەوە "خراپەکار" ئیبلیس بە سەرۆکی ئەم جیهانە ناودەبرێ (یۆحەنا ١٢: ٣١). ئەو هەموو جیهان گومڕا دەکات (بینین ١٢: ٩). وە ئەو بە " خودای ئەم ڕۆژگارە ناودەبرێ کە بیروهۆشی بێباوەڕانی کوێر کردوە " ( ٢کۆرنسۆس ٤: ٤). لەبەرئەوە ڕوداوەکانی سەر ئەم زەویە کە ڕودەدەن سەرسوڕهێنەرن ، ترسناکن ، وە لە ڕادەبەدەر تۆقێنەرن . وەك بڵێی هەموو جیهان جادوی لێکراوەو ئەم ڕوداوە مێژوییانەش ملکەچی دەسەڵاتی جادوەکە بن. بەم ڕوداوانە ناکرێ بگەیتە خاڵی کۆتایی لەوەی چی دەگوزەرێ لە جیهاندا تەنها بە شکاندنی مۆرەکانی پێچراوەکە نەبێت ! لە ڕێگەی کردنەوەی ئەم پێچراوەیە عیسا هەموو دیاردە فێڵاویەکان دەسڕێتەوەو هەموو شتەکانی جیهان دەگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی ڕاستەقینەی خۆی ! هەرچەندە سەرکردە

سەربازیەکان هەمیشە بیر لە هێزو توانای سەربازی و ململانێکانیان بۆ دەسەڵات دەکەنەوە ، بەڵام خودا زۆر جیاواز لەوان بیر دەکاتەوە !

## (ج) پەیامی شێر و بەرخ و ڕەچەڵەکی داود ( بینین ٥: ٥- ٧)

یۆحەنای نێردراو فریشتەیەکی مەزنی بینی هاواری دەکرد " کێ شایستەی ئەوەیە پێچراوەکە بکاتەوەو مۆرەکانی بشکێنێت ؟" تەنها یەك کەس هەبوو دەیتوانی ئەمە بکات ، بەڵام دەستبەجێ نایکاتەوە . ئەم کەسە چاوەڕوانی کرد تاکو ببینێ کەس هەیە زاتی ئەوەی هەبێت ئاڵنگاری بکات ، یان دەرفەتدان بە هەموان بۆ هەستان بەم کارە مەزنە ." کەس نەبوو نە لە ئاسمان و نە لەسەر زەوی و نە ە ژێر زەوی بتوانێت پێچراوەکە بکاتەوە یاخود تەماشای بکات !". هیچ پاشایەك لە پاشاکانی زەوی و هیچ پێغەمبەرێك یان ڕابەرێکی ئاینی نەیتوانی مۆرەکان بشکێنێت و پێچراوەکە بکاتەوە !

لێرەدا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت کە بە تەنها عیسای مەسیح (پاشای یەهودا ، لەڕەچەڵەکی داود ، بەرخی خودا ) تواناداره بە شکاندنی مۆرەکان و کردنەوەی پێچراوەکە (یۆحەنا ١٤: ٦ ؛ کردار ٤: ١٢؛ ١تیمۆساوس ٢: ٥)! هیچ کام لەو فریشتانەی خزمەتی خودا دەکەن لە ئاسمان وە هیچ کام لەو چوار بونەوەرەی کە وێنەی بەدیهێنراوانی خودان ئەو دەسەڵاتەیان پێنەدراوە وەڵامی ئەم ڕاگەیاندنە بدەنەوە . بەڵام ئەم دەسەڵاتە دراوە بە یەکێك لەو پیرانەی کە نوێنەری کڵێسان . هەرچەندە یۆحەنا لە تاراوگەی زۆرەملێ بوو کە دروخرابۆوە بۆ دورگەی پەتمۆس ، بەڵام بە بیروهۆشی دەیزانی و بە دڵی هەستی پێ دەکرد کە ئەو بە تەنها ڕوبەڕوی ئەو پرسیارو ڕوداوە مێژوییانەی جیهان نابێتەوە. چونکە ئەویش بەشێکە لە کۆمەڵی باوەڕداران لە هەموو جیهان ( واتە کڵێسا) کە وشەی خودایان وەرگرت . بەڵام یۆحەنا لەو وشانەی خودا وەڵام و چارەسەری زۆر گرفت و کێشەی ڕۆژانەی کڵێسای دایەوە . " ئیدی سەرکەوتن بۆئەو شێرەیە کە لە هۆزی یەهودایە و لە ڕەچەڵەکی داود ، ئەو شایستەی شکاندنی حەوت مۆرەکان و کردنەوەی پێچراوەکەیە ".

عیسای مەسیح شێری گەلی خودایە ( ئەوەی بە "یەهودا" ناودەبرێ لە پەیمانی کۆن : پەیدابون ٤٩: ١٠؛ عیبرانیەکان ٧: ١٤؛ وە بە "ئیسرائیل" ناو دەبرێ لە پەیمانی نوێ : گەڵاتیە ٦: ١٦ ؛ وە بە "کڵێسا" ناودەبرێ لە هەردوو پەیمانی کۆن و نوێ : ٢ هەواڵی ڕۆژان ٢٩: ٢٨؛ مەتا ١٦: ١٨). ئەو شێر نیە بۆ داگیرکردنی جیهان بە هێزی سەربازی و لە ڕێگەی جەنگە ئاینیەکانەوە . بەڵکو هێزەکەی لە ملکەچ بونیدایە . ئەو شێرە ، چونکە ئەو بەرخەیە کە خۆی بەخت کرد وەك قوربانی لەسەر خاچ بۆ کەفارەتی گوناهەی هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دەهێنن لە جیهاندا. بەڵام مەخابن دەسەڵاتدارانی ڕۆژگارو زەمانە تینەگەیشتن لە نهێنی ودانایيە شاراوەکەی خودا . ئەگەر ئەوان تێبگەیشتنایە عیسای مەسیحیان لەخاچ نەدەدا (بڕوانە ١ کۆرنسۆس ٢: ٨). چونکە عیسا خۆی ئەم دانایيەی داڕشتوە کە دەفەرموێ : " دەنکە گەنم ئەگەر نەکەوێتە ناو زەوی و نەمرێت ، بە تەنها دەمێنێتەوە . بەڵام کە مرد ئەوسا بەرهەمی زۆر دەدات" ( یۆحەنا ١٢: ٢٤ ).

لە ڕوانگەی خوداوە دانایی ڕاستەقینە لە ڕابەرە لوتبەرزە ئاینیەکاندا نیە هەروەها لەو سەرکردە سەربازیانەشدا نیە کە دەجەنگن و وڵاتانی تر داگیر دەکەن بە دروشمە سیاسی و ئاینیەکانیان یاخود ئەوانەی هێزی سەربازی و ئابوریەکی بەهێزیان هەیە چونکە مێژوی ئەم جیهانە ناگات بە چارەنوسی خۆی نە لە ڕێگەی جەنگ و تیرۆریستانەوە ، نە لە ڕێگەی دژایەتی کردن و چەوسانەوی گەلانەوە ، نە لە ڕێگەی بەرتیل و گەندەڵیەوە ؛ بەڵکو لە ڕێگەی کەسێکەوە دەگاتە چارەنوسی شکۆداری خۆی ، ئەو کەسەش ئەوەیە کە وازی لە خودی خۆی هێناو بوە مرۆڤ هەرچەندە خودایە، نەك تەنها ئەوە بەڵکو زۆر ساکارانە بوە خزمەتکاری خەڵکی . لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ملکەچ بوو تا مردن و بوە قوربانی بۆ کەفارەتی گوناهەکانمان ( فیلیپی ٢: ٥-٨ ). لەبەرئەوە عیسای مەسیح تەنها شێرە (تەنها پاشایە) چونکە ئەو تەنها بەرخە (کە مرد لەسەر خاچ) !

وە عیسای مەسیح لە "ڕەچەڵەکی داودە" و "نەوەی داودە" (بینین ٢٢: ١٦). لەبەرئەوەی داود پاشای گەلی خودا بوو لە پەیمانی کۆن . وە هەموو

پێشبینیەکانی پەیمانی کۆن ئاماژەیان دەکرد بۆ پاشایەکی ڕاستەقینە (عیسای مەسیح) ئەوەی شانشینی ڕاستەقینەی خودا دادەمەزرێنێ و دەبێتە پاشای ڕاستەقینەی گەلی خودا بە درێژایی مێژوو ، عیسای مەسیح لە بنەڕەتدا خودای جاویدانی داودی پاشایە . هاوکات ئەم خودایە لە نەوەی داودەوە هات بە سروشتە مرۆڤانەکەی .

ئیدی بەم شێوەیە عیسای مەسیح تەنها کەسێکە لە بەدیهێنراوان و مێژوی مرۆڤایەتیدا کە دەتوانێ هەموو ئەم نهێنییانەی چواردەوری جیهانی گرتوە ئاشکرا بکات و هەموو شتێك لەسەر وێنە ڕاستیەکەی خۆی نیشان بدات . لەبەر ئەو هۆکارەیە کە خودای باوك پێچراوەکەی بە تەنها لە ژێر دەستی عیسای مەسیحدا داناوە ! ئەگەر بیخاتە ژێر دەستی هەر کەسێکی دیکەوە جگە لەو ، خەڵکەکە پێچراوەکەی پیرۆزتر ڕادەگرت و دەپەرست !

## (د) پەیامی خاچ (بینین ٥: ٨- ١٢)

هەر کە عیسای مەسیح پێچراوەکەی وەرگرت بیست وچوار پیرەکە کەوتن و کڕنوشیان برد (ئەوانەن نوێنەرایەتی کڵێسا دەکەن بە درێژایی مێژوو) وە چوار بونەوەرەکە ئەوانەن (نوێنەرایەتی هەموو بەدیهێنراوان دەکەن) نەك لەبەردەم پێچراوەکە بەڵکو لەبەردەم ئەوەی شایستەیەو پێچراوەکە دەکاتەوە ! باوەڕداران بە مەسیح پێچراوەکەی ئاسمان ناپەرستن ، بەڵکو ئەوە دەپەرستن کە ناوەڕۆکی پێچراوەکە ئاشکرا دەکات و جێبەجێ دەکات ! وە بەرخەکە شایستەیە ئەوەیە پێچراوەکە ببات و مۆرەکانی بکاتەوە چونکە سەربڕا و بە خوێنی خۆی گەلەکەی کڕیەوە لە هەموو خێڵ و زمان و نەتەوەیەکدا ( بینین ٥: ٩- ١٠).

مردن و هەستانەوەی عیسای مەسیح و هاتنی یەکەمی چەقی هەموو مێژووی مرۆڤایەتیە ! وە هەموو دەسەڵاتێك لە ئاسمان و لە زەوی و لە دونیای مردوان بە دەوری ئەم ڕوداوە مێژوییەدا دەسوڕێنەوە و ململانێ دەکەن لە پێناوی ئەنجامەکانی ( بینین ١٢: ٧- ٩ ؛ بڕوانە ١ کۆرنسۆس ٢: ٨ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٥). هەر لە سەرەتای بەدیهێنانەوە هەموو مێژوەکان

ئاماژە بە خاچ و هەستانەوە دەکەن . وە دوای هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح ، مێژوەکان لەلایەك ئاماژە بە خاچ و هەستانەوە دەکەن لەلایەکی تر بە هاتنەوەی دوەمی . لەم ڕوداوە بێ هاوتایەی مێژوی ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا خوداو مەسیحەکەی و کڵێساکەی سەرکەوتنی کۆتاییان بەدەستهێنا . لەسەر خاچ گورزی یەکلاکەرەوەو گورچك بڕی وەشاند دژ بە ئیبلیس و هاوەڵەکانی لە ڕۆحە خراپەکارەکان و هاوکارانی لەسەر زەوی ! عیسای مەسیح لە هاتنی یەکەمیدا هەستا بە بەستنەوەی شەیتان و دامەزراندنی شانشینەکەی . عیسای مەسیح فەرموی " ئەوەی لەگەڵ من نییە دژمە ، ئەوەی لەگەڵم کۆناکاتەوە ، بڵاوی دەکاتەوە " (مەتا ١٢: ٢٨-٣٠). لەبەرئەوە پێویستە لەسەر هەموو کەسێك لەم دوو بژاردەیە یەکیان هەڵبژێرێ لەگەڵ عیسا بوون یان دژی عیسا ، جگە لەم دوو بژاردەیە هیچ هەڵوێستێکی بێ لایەنی بوونی نیە !

باسی چوار بونەوەرەکە کرا ئەوان نوێنەرایەتی هێزی سروشت دەکەن ، کە چۆن تاریکی باڵی کێشا بەسەر زەویداو زەوەی لەرزی و گۆڕەکان کرانەوە ( مەتا ٢٧: ٤٥- ٥٣). "بەدیهێنراو"ی خوداش دەزانێ کە چارەنوسی ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بەو ڕۆژەوە . ئەویش بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئازاد بوون دەکات لە کۆت وبەندەکانی تاوەکو بێت بەرەو ئازادی شکۆداری ئەوەی خودا بەڵێنی داوە بە منداڵەکانی (ڕۆما ٨: ١٩-٢١)!

بەڵام بیست و چوار پیرەکە ، ئەوانەی نوێنەرایەتی کڵێسای خودا دەکەن (گەلی خودا لە پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ) باسی ترس و هەڵهاتن لە خاچ دەکەن. وە گەلی خودا (کڵێسا) دەبینێ تەورات و پێغەمبەران هاتنە دی . تەورات لەبارەی قوربانی ئاژەڵەوە فێرکردنی پێشکەش کرد (عیبرانیەکان ٩: ١٢- ١٤). وە پێغەمبەران لەبارەی خزمەتکاری خوداوەندەوە پێشبینیان کرد ئەوەی وەك بەرخ برا بۆ سەربڕین و ئەوەی وردوخاش کرا لەبەر تاوانەکانمان (ئیشایا ٥٣: ٥، ٧). لەبەرئەوە بیست وچوار پیرەکە سرودیان دەوت کە :عیسای مەسیح بە خوێنی خۆی خەڵکی بۆ خودا کڕییەوە لە هەموو نەتەوەو زمانەکان (بینین ٥: ٩).

له مێژەوە فریشتەکان لە ئاسمان پەرۆش بوون بۆ بینینی دیمەنێکی پەیامی ڕزگاری ئەوەی خودا بەخشی بە کڵێسا ( ١پەترۆس ١: ٩- ١٢). ئیدی فریشتەکان لەدایکبوونی عیسای مەسیحیان ڕاگەیاند (لۆقا ١: ٢٦- ٣٧؛ ٢: ٨- ١٤). هەروەها چۆ عیسای مەسیحیان بەهێز دەکرد کاتێ لەهەوڵ و کۆششدا بوو بە نوێژ کردن پێش مردنی (لۆقا ٢٢: ٤٣). فریشتەکان شایەتی نەهامەتیەکانی مردنی عیسا بوون ؛ بەڵام هەروەها شایەتی دڵخۆشی و شادی پەسەخ بوون کاتێ بەردی دەرگای گۆڕەکە ترازاو گلۆر بۆوە تاکو خەڵکی ببینن کە عیسای مەسیح ئەوەی مرد بۆ هەتاهەتایە زیندوە ( بینین ١: ١٨؛ مەتا ٢٨: ٥- ٧). ئینجا فریشتەکان سرودیان بۆ عیسای مەسیح دەوت . بەهۆی خوێنی ڕژاوی عیسا لەسەر خاچ ، خودا هەموو شتێکی ئاشت کردەوە لەگەڵ خۆیدا نەك تەنها لەسەر زەوی ، تەنانەت لە ئاسمانیش (کۆلۆسی ١: ١٩- ٢٠). هەروەها جیهانی فریشتەکانیش ڕزگاریان بوو لە یاخی بوون بە هۆی مردنی مەسیح لەسەر خاچ .

**(هـ) پەیامی بینین درێژ دەبێتەوە لە جاویدانەوە بۆ هەتاهەتایی (بینین ٥: ١٣- ١٤)**

بینین ٤: ١- ١١ باسی دانیشتنی خودا دەکات لەسەر تەختەکەی خۆی لە جاویدانەوە ، لێرەدا دەبینین کە خودا لە چەق و ناوەندایە . بەڵام بینین ٥: ١- ١٢ باسی کاری خودا دەکات لە ڕێگەی مەسیحەوە لەم سەردەمەی ئێستا، لێرەدا دەبینین کە مەسیح لە چەق وناوەندایە. بێگومان خودا بە پڕی خۆی لە مەسیحدایە و لە ڕێگەی مەسیحەوە هەموو شتێك لەگەڵ خۆیدا ئاشت دەکاتەوە لە ئاسمان و لەسەر زەوی ( کۆلۆسی ١: ١٩- ٢٠؛ ئەفەسۆس ١: ٩- ١٠). بەڵام بینینی کۆتایی بینین ٥: ١٣- ١٤ باسی شکۆی هەتاهەتایی دانیشتوی سەر تەخت و بەرخەکە دەکات . لێرەدا دەبینین جارێکی تر خودا لە چەق وناوەندایە ؛ بەڵام خودا خۆی ئاشکرا کرد لە کەسایەتی عیسای مەسیح لە ڕێگەی هاتنی یەکەمی و قوربانیەکەی لەسەر خاچ و کارە ڕزگاریە تەواوەکەی !

پێش هاتنی یەکەمی ، هەموو شتەکان لەم جیهانەدا وەك جادولێکراو بوو : لەسەر وێنە ڕاستەقینەکەی خۆی دەرنەدەکەوت ، هیچ شتێك نەبوو ئاماژە بێت بۆ ئەوەی کە گۆڕانکاری تێدا دەکات . بەڵام دوای مردنی عیسای مەسیح و هەستانەوەی و بەرزبونەوەی و دانیشتنی لەلای ڕاستی خودا ، ئەو دەسەڵاتی جادوە تێك شکاو هەموو شتەکان لەسەر وێنەی ڕاستەقینەی خۆیان دەرکەوتن ، وە مێژوی جیهان بەرەو چارەنوسی خۆی ڕێچکەی گرتەبەر ، بە سەرۆکایەتی عیسای مەسیح لە ڕێگەی شکاندنی مۆرەکان و کردنەوەی پێچراوەکە . ئەمەش دەبیات بەرەو ڕێرەوی ڕوداوەکان لە مێژودا بەرەو چارەنوسی کۆتایی ! چونکە مردنی عیسای مەسیح و هەستانەوەی و بەرزبونەوەی و دانیشتنی لەلای ڕاستی باوك ، هەموو ئەمانەی لە جاویدانی و ئێستادا لە هاتنی یەکەمیدا پێکەوە بەستەوە . وە کاتێ بۆ جاری دوەم دێتەوە ، هەموو شتەکان بە هەتاهەتاییەوە دەبەستێتەوە .

لەبەرئەوە ، هەموو گەردونی بەدیهێنراو و شتەکانی نێوی و کەسە ڕزگاربوەکان ستایشی خوداو بەرخەکە دەکەن بە هۆی خۆبەخت کاریەکەی لە پێناوی بەدیهێنراودا ، لە کۆتاییدا دەبێت هەموو شتێك ستایشی خودا بکات ( ڕۆما ١١: ٣٦). خواستی خودا هاتەدی لە گەردووندا ( بینین ٤: ١١). وە تەختەکە سەرکردایەتی دەکات ؛ واتە خودای باوك لەڕێگەی کوڕەکەیەوە فەرمانڕەوایی دەکات . لەبەرئەوەی بەرخەکە فەرمانڕەوایە ، هیچ پێویست ناکات کڵێسا بترسێ لە پەژارەو ناخۆشیەکان (تاقیکردنەوەکان و چەوسانەوەکان).

## (ج) گرنگی بەرزبونەوەی عیسای مەسیح بۆ ئاسمان لە پێناوماندا

### <u>١- بەرزبونەوەی مەسیح بۆ ئاسمان بەڵگەیەکی مسۆگەرە لە سەرکەوتنی تەواوی لەسەر زەوی .</u>

عیسا لەلای ڕاستی خودای باوك دانیشت تاکو خاوەنداری هەموو شتێك بێت و شانشینە کۆتاییەکەی دامەزرێنێ.

**(أ) عیسای مەسیح لە ڕێگەی بەرزبونەوەی بۆ ئاسمان سەرکەوتنی تەواوی ڕاگەیاند بەسەر هەموو بەدیهێنراواندا.**

١ پەترۆس ٣: ١٨- ٢٢ بخوێنەوە (بڕوانە ڕێبەری شەشەم ، پاشکۆی ٢).

ئەنجامی یەکەمی بەرزبونەوەی عیسای مەسیح بۆ ئاسمان ئەوەیە کە سەرکەوتنی و دانیشتنی لەلای ڕاستی باوك ڕاگەیاند .

ئەو ئایەتەی لە ١ پەترۆس ٣: ١٨ دا هاتوە ، باسی کاری کەفارەتمەندانە دەکات کە مەسیح پێی هەستا ، وە باسی ئاشتبونەوەی خودا دەکات لەگەڵمان لەڕێگەی مردنی و هەستانەوەی .

مردنی عیسا بە جەستە مرۆڤانەکەی واتە ئەو مرد لە کاتێکدا خاوەنی جەستەی مرۆیی لاواز بوو کە هەموو گوناهەی مرۆڤایەتی تیادا دانرا ( ڕۆما ١: ٣). وە بە مردنی عیسا سروشتە مرۆییە لاوازەکەی خستە لاوەو هەموو ئەو ڕەگانەی بڕی کە پەیوەندی بە گوناهەو مردنەوە هەیە . ئیدی عیسا بە زیندویی بە ڕۆح گەڕایەوە. ئەمەش واتە جەستە مرۆڤانەکەی زیندوو بۆوە و هەستایەوە لە نێو مردوان بە هۆی ڕۆحی پیرۆزەوە . وە دوای هەستانەوەی ڕۆحی پیرۆز باڵا دەست بوو بەسەر جەستە مرۆییەکەی (ڕۆما ١: ٤ ؛ کۆلۆسی ٢: ٩)! لەو کاتە بەدواوە ، عیسای مرۆڤ لە جەستەی لاوازی مرۆیی نەمایەوە ، بەڵکو لە هێزی ڕۆحی پیرۆزدا . وە لەو کاتە بەدواوە خودای باوك عیسای لەلای ڕاستی خۆی داناو دەسەڵاتیکی پێدا لەسەروی هەموو دەسەڵاتیکی گەردون ( مەتا ٢٨: ١٨؛ ١ کۆرنسۆس ١٥: ٢٥؛ ئەفەسۆس ١: ٢٠ -٢٣ فیلیپی ٢: ٩- ١١ ؛ بینین ١: ٦).

<u>ئەو ئایەتەی لە ١ پەترۆس ٣: ١٩ دا هاتوە باسی ڕۆیشتنی مەسیح و مزگێنیدانی دەکات .</u>

ڕۆیشتنی مەسیح بۆ شوێنێك لە دوای هەستانەوەی.

عیسای مەسیح بە هێزی ڕۆحی پیرۆز هەستایەوە لە نێو مردوان . لەم دۆخی هەستانەوەیدا بە ڕۆحی پیرۆز عیسا چوو بۆ شوێنێك بۆ جاڕدانی

مزگێنی! وە ئەم ڕۆیشتنە پێش هەستانەوەی ڕوینەدابوو بەڵکو دوای هەستانەوەی ! لەبەرئەوە لە نێوان مردنی و هەستانەوەیدا عیسا بە ڕۆح نەچوو بۆ هیچ شوێنێك وە مزگێنی نەدا! بەڵام دوای هەستانەوەی بە جەستە شکۆدارە هەستاوەکەی چوو بۆ شوێنێك و مزگێنیدا ! چوونی عیسا دابەزین نەبوو بۆ هیچ شوێنێك بەڵکو ڕۆیشتنی بوو بۆ ئاسمان ! لەبەرئەوە عیسا دانەبەزی بۆ جیهانی خوارەوە بۆ جیهانی مردوان ، بەڵکو چوو بۆ ئاسمان و دانیشت لەلای ڕاستی خودای باوك!

وە مزگێنیدانەکەی عیسا ، مزگێنیدان نەبوو بە ئینجیل . چونکە وشەی مزگێنی لە زمانە ڕەسەنەکەیدا واتە ڕاگەیاندن یاخود ئاشکراکردن لەبەرئەوە ڕۆیشتنی واتە ڕاگەیاندنی خودی خۆی ، ئایا ناوەڕۆکی ئەم ڕاگەیاندنە چی بوو ؟ لە ڕەسەنایەتی زمانەوانی وشەکەدا، ڕۆیشتن و مزگێنیدان لە یەکتر جیا نابنەوە . عیسا بە ڕۆیشتنەکەی مزگێنیدا بەو ڕۆحانەی لە زیندانن . وە بەرزبونەوە سەرکەوتوانەکەی بۆ ئاسمان ڕاگەیاندن و بەڵگەیە لەسەر سەرکەوتنی کۆتایی .

ڕۆیشتنی مەسیح ڕاگەیاندنێك بوو ئاراستەی ڕۆحە زیندانیکراوەکان کرا ئەوانەی یاخی بوون لە خودا لە سەردەمی نوح کاتێ کەشتیەکەی دروست دەکرد . بەڵام ئەو ڕۆحە زیندانیکراوانە کامانە بوون کە یاخی بوون لە خودا ؟ گیانی ئەو خەڵکە بوون کە لەناوچوون لە لافاوەکەدا و دەستبەسەر کران لە دۆزەخدا . ئێمە لە پەیدابوون ٦: ٥ دەخوێنینەوە کە ئەوانە نەوەیەکی خراپەکاربوون . هەروەها لە ٢ پەترۆس ٢: ٥ نوح بانگەوازی ڕاستودروستی و دادپەروەری خودای دەکرد . لەو کاتەدا کە نوح باوەڕی تەواوی بە وشەی خودا کردو کەشتیەکەی دروست دەکرد ئەوانە نەوەیەکی خراپەکار بوون و گاڵتەجاڕیان بە نوح دەکرد و سوکایەتیان دەکرد بەو هۆشداریەی پەیوەست بوو بە حوکمدانی داهاتویان لە ڕێگەی لافاوەکەوە . کارەکە تەنها لەمەدا نەوەستایەوە کە بڕوایان بە پەیامەکەی نەکرد ، بەڵکو خۆیان گێل کرد لە دروست کردنی کەشتیەکەو نەیانزانی ئەوە پەیامێکە بۆ چارەنوسی لەناوچونیان . بەم شێوەیە یاخی بوون لە خوداو خۆیان گێل کرد لە ئارام گرتن و پشودرێژی خودا بۆ ماوەی سەد ساڵ ( ١ پەترۆس

٣: ٢٠؛ پەیدابوون ٥: ٣٢ ؛ ٦: ٣؛ ٧: ٦). بەڵام کاتێ لافاوەکە هات ، نوح ڕزگاری بوو ئەو نەوە خراپەش لەناوچوون ( عیبرانیەکان ١١: ٦). وە بە پێی ئەوەی لە ئینجیلی مەتا ٢٤: ٣٧- ٣٩ دا هاتوە ، عیسا خەڵکی فێر دەکرد کە " ئەو خەڵکەی لە ڕۆژگاری نوحدا دەژیان " نیشانەو هێمان بۆ هەموو ئەو خەڵکانەی جیهان کە بێ باوەڕن و گوێڕایەڵ و ملکەچی خودا نین !

لەبەرئەوە بەرزبونەوەی عیسای مەسیح بۆ ئاسمان ڕاگەیاندنی سەرکەوتن بوو دژ بە هەموو ئەو کەسانەی کەمتەرخەمن و بێ باوەڕن و خراپەکارن چی لە سەردەمی پێش هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح ژیابن یاخود دوای هاتنی جیاوازی نیە. لە هەندێ بەشی تری کتێبی پیرۆزدا دەبینین کە مردن و هەستانەوەی مەسیح وهەروەها بەرزبونەوەو دانیشتنی لەلای ڕاستی خودای باوك ڕاگەیاندنی سەرکەوتن بوو دژ بە هەموو هێزێکی خراپەکاری ڕۆحی ( ئەفەسۆس ١: ٢٠- ٢٢) وەکو شەیتان و هاوکارانی ( یۆحەنا ١٢: ٣١- ٣٢؛ بینین ١٢: ٥- ٩ ؛ ٢٠: ١، ٣، ٧)، ڕۆحە خراپەکارەکان ( ئەو فریشتانەن لە شکۆمەندی خودا کەوتن ) (لۆقا ٨: ٣١؛ کۆلۆسی ٢: ١٥؛ ٢ پەترۆس ٢: ٤؛ یەهودا ٦؛ بینین ٩: ١)، وە هەموو دەسەڵاتە خراپەکارەکانی ئەم جیهانە (زەبور ٢: ٨- ١٢)! ئیدی بەم شێوەیە بەرزبونەوەی مەسیح بۆ ئاسمان ڕاگەیاندنی فەرمی سەرکەوتنی کۆتایی بوو !

**(ب) بەرزبونەوەی عیسا بۆ ئاسمان بەڵگەیە لەسەر ڕزگاربوونی زۆرێك و حوکمدانی زۆرێکی تر .**

ئەفەسۆس ٤: ٧- ١٠ ؛ ٢ کۆرنسۆس ٢: ١٤؛ کۆلۆسی ٢: ١٥ **بخوێنەوە .**

ئەنجامی دوەمی بەرزبونەوەی مەسیح بۆ ئاسمان نمایشی دیلەکانی بوو .

ئەم ئایەتانەی خوارەوە سەرکردەیەکی سەربازیمان بۆ وێنا دەکات کە دەچێتە ناو شارێکەوە لە کەژاوەی سەرکەوتن دوای زاڵ بوونی بەسەر دوژمنەکانیدا لە جەنگدا. وە ئەم کەژاوەیە گالیسکەی جەنگی و سەربازو دیل لە خۆ دەگرێ و لەکاتی بەڕێکەوتنیدا دیاری دابەش دەکات بەسەر

ئەوانەی هاتوونە بۆ ئاهەنگێڕان بۆی . لە ئەفەسۆس ٤ : ٨ دەخوێنینەوە " کاتێ بەرزبۆوە بۆ بەرزایی ، دیلەکانی پەلکێش کرد و بەهرەی بە خەڵکی بەخشی !" چونکە کاتێ مەسیح بەرزبۆوە بۆ ئاسمان هەموو باوەڕدارانی بە دیل گرت لە کەژاوەی سەرکەوتنیدا ، دیلی کردن بە خۆشەویستیەکەی و نیعمەتەکەی و ڕاستیە ڕاگەیەندراوەکەی لە ئینجیلدا . وە کەژاوەی سەرکەوتن ئاماژەیە بۆ مەسیح کە زاڵ بوو بەسەر گوناهەو مردندا لە پێناوی گەلەکەی لەڕێگەی مردنی لەسەر خاچ ، وە بەرزبونەوە سەرکەوتوانەکەی بۆ ئاسمان ئاشکراکردنی دیلەکانی بوو بۆ هەموو جیهان ، واتە هەموو ئەو باوەڕدارانەی کە ملکەچی کردوون بۆ خۆی بە هۆی میهرەبانی و نیعمەتەکەیەوە !

بەڵام بەخشینەکان کە دەیبەخشێ واتە نیعمەتەکەی بە یۆنانی " کاریز" وەك چۆن دابەشی کردوە بەسەر هەموو باوەڕداراندا ، واتە دەبێ هەموو باوەڕدارێک بڕوانێتە بەهرەی خۆی لەسەر بنەماو ئەنجامی ئەوەی کە بەهرەمەندی یەکێك لەو بەهرە زۆرانەیە کە خودا پێی بەخشیت بە پێوانەیەکی دیاریکراو نەك بەهۆی پاکی و شارەزایی و لێهاتوویی خۆتەوە . وە دەبێ بۆ شکۆی کەسێتی خۆت بەکاری نەهێنی بەڵکو لەبەرژەوەندی جەستەی مەسیح بەکاری بهێنی بۆ شکۆدارکردنی خودا . ڕەنگە سروشتی بەهرەکان نیعمەتێك بێت کە خودا دەیبەخشێ بە باوەڕداران بۆ ئەوەی هەستن بە خزمەتێکی دیاریکراو ، وە نیعمەتی خودا بۆ خزمەتکردن لەنێو کۆمەڵەیەکدا یاخود نیعمەتێکی ڕاگەیەندراو لە ڕێگەی بەهرەیەکی ڕۆحی بە یۆنانی "کاریزما" ئەوەیە کە ڕۆحی پیرۆز دەیبەخشێ .

وە ٢ <u>کۆرنسۆس ٢: ١٤- ١٦</u> دخوێنینەوە : " بەڵام سوپاس بۆ خودا ، ئەوەی هەموو کاتێ لە کەژاوەی سەرکەوتن لە مەسیح دا ڕابەرایەتیمان دەکات ، لە هەموو شوێنێك بەهۆی ئێمە بۆنی خۆشی ناسینەکەی بلاو دەکاتەوە . چونکە بۆنی خۆشی مەسیحین بۆ خودا ، لە نێوان ئەوانەی ڕزگاریان دەبێت و لەنێوان ئەوانەی لەناودەچن . بۆ ئەوانەی بۆنی مردنە بۆ مردن ، بۆ ئەوانی دیکە بۆنی ژیانە بۆ ژیان " . ئیدی بەم شێوەیە هەموو دیلەکان لێرەدا باوەڕدارانی مەسیحن کاتێ ئەوان بەڕێکەوتون لە

کەژاوەی سەرکەوتنی مەسیحدا بۆنی ناسینی مەسیح دەکەن لە هەموو شوێنێك . سەبارەت بەو کەسانەی باوەڕدارن بە مەسیح ناسینەکەی بۆنی ژیانە . بەڵام سەبارەت بەو کەسانەی باوەڕدار نین بە عیسای مەسیح ، ناسینی مەسیح بۆنی مردنە بۆیان .

وە لە کۆلۆسی ٢: ١٥ دەخوێنینەوە : " سەرۆکەکان و دەسەڵاتدارانی چەککردو بە ئاشکرا ڕیسوای کردن و پەلکێشی کردن بۆ کەژاوەکەی و زاڵ بوو بەسەریاندا ". ئەمەش ئەوەمان پیشان دەدات کە هەندێ لە دیلەکانی مەسیح هێزی خراپەکاری شکستخواردوون . ئەوان وەك دیلی جەنگ دەستوپێوەند کراون بە زنجیرو بە دوای مەسیحی زاڵ بوودا بەڕێکەوتوون لەکاتی چوونە سەرکەوتوانەکەی بۆ ئاسمان !

(ج) دوای بەرزبونەوەی عیسا بۆ ئاسمان ، دانیشت لەلای ڕاستی خودای باوك تاکو دەسەڵاتدار بێت بەسەر هەموو شتێکدا .

١کۆرنسۆس ١٥: ٢٥؛ ئەفەسۆس ١: ٢٠- ٢٢؛ فیلیپی ٢: ٩- ١١؛ ١ پەترۆس ٢: ٢٢ **بخوێنەوە** .

ئەنجامی سێ یەمی بەرزبونەوەی عیساو دانیشتنی لەلای ڕاستی خودای باوك ئەوەیە تاکو دەسەڵاتدار بێت بەسەر هەموو شتێکدا.

١کۆرنسۆس ١٥: ٢٥ دەخوێنینەوە : " چونکە دەبێ فەرمانڕەوایی بکات ، تاکو هەموو دوژمنانی دەخاتە ژێر پێیەوە " .

ئەفەسۆس ١: ٢٠- ٢٢ دەخوێنینەوە : " ئەوەی لە مەسیح دا کردی ، کاتێ لە نێو مردوان هەڵیساندەوە و لەلای ڕاستی خۆیەوە لە شوێنە ئاسمانیەکان داینیشاند ، لەسەرووی هەموو فەرمانڕەواو دەسەڵات و هێزو سەرداریيەك و هەموو ئەوانەی ناویان هەیە ، نەك تەنها لەم ڕۆژگارە ، بەڵکو لە داهاتووش . خودا هەموو شتێکی خستە ژێر پێیەکانی ، لەسەرووی هەموو شتێکدا کردییە سەر بۆ کڵێسا کە جەستەیەتی و تەواوییەتی ، ئەو هەموو شتێك لە هەموو شتێکدا تەواو دەکات "

فیلیپی ۲: ۹- ۱۱ دەخوێنینەوە : " بۆیە خودا زۆر بەرزی کردەوەو ناوێکی پێ بەخشی لەسەرووی هەموو ناوێك ، تاکو هەموو ئەژنۆیەك بۆ ناوی عیسا چۆك دابدەن ، لە ئاسمان و سەر زەوی و ژێر زەویش ، هەروەها هەموو زمانێك دان بنێت کە عیسای مەسیح خوداوەندە ، بۆ شکۆی خودای باوك ".

۱ پەترۆس ۳: ۲۲ دەخوێنینەوە : " ئەوەی بەرەو ئاسمان ڕۆیشت و لەلای ڕاستی خودا دانیشت ، فریشتەو دەسەڵاتدار و هێزەکان ملکەچن بۆی !"

عیسا بەرزبۆوە بۆ ئاسمان و دانیشت لەلای ڕاستی خودای باوك کە زۆر بەرزی کردەوەو باڵا دەستی کرد بەسەر هەموو هێزێك لە گەردوندا و هەروەها سەر زەویش (مەتا ۲۸: ۱۸). هەموو فریشتەکان لە ئاسمان و هەموو ڕۆحە خراپەکارەکان و هەموو دەسەڵاتدارەکانی سەر زەوی ملکەچن بۆی . دواتر ئەو سەری هەموو کڵێسایە و سەری هەموو گەردونە. ئەو دەسەڵاتداری هەموو گەردونە و هەر چاکەیەك لە گەردوندا بێت بۆ کڵێسا ! هەروەها ئەو دەسەڵاتدارە بە شێوەیەك هەرچی ڕوودات لە گەردون و مێژوی سەر زەوی بەکاری دەهێنێ لە خزمەت و بەرژەوەندی کڵێسادا . عیسای هەستاوە لە نێو مردوان و دانیشتوو لای ڕاستی خودای باوك ئەو پاشای پاشاکانەو گەورەی گەورەکانە ( بینین ۱۷: ۱٤ )! وە هیچ شتێك نیە لەسەر زەوی ڕوودات بە بێ خواست و فەرمانی ئەو. وە هەموو ئەوانەی ملەچی نابن لەو سەرکەوتنەی خۆی لە میهرەبانیدا دەبینێتەوە ئەوا دەبێ بەناچاری ملکەچی بن لەو سەرکەوتنەیدا کە خۆی لە حوکمداندا دەبینێتەوە !

**(د) <u>بەرزبونەوەی مەسیح بۆ ئاسمان و دانیشتنی لای ڕاستی خودای باوك ، شانشینی خودای بە شێوەی کۆتایی دامەزراند .</u>**

زەبور ٦٨: ۱۸ ؛ ئەفەسۆس ۱: ۹- ۱۰ ؛ ٤: ۹- ۱۰ **بخوێنەوە** .

ئەنجامی چوارەمی بەرزبونەوەی عیسا بۆ ئاسمان و دانیشتنی لای ڕ استی خودای باوك دامەزراندنی شانشینی کۆتایی خودایە لە گەردون . ئەو گەردون پڕ دەکات لە ڕاستی خوداو شانشینیەکەی .

دەقەکان لە پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ .

ئەو وشانەی هاتوە لە زەبوری ٦٨: ١٨ لە پەیمانی کۆن وەرگیرانەوەی بۆ نەکراوە لە ئەفەسۆس ٤: ٨ لە پەیمانی نوێدا بەڵکو کتومت وەك خۆیەتی لەوێدا . چونکە ئەوەی زەبور دەیڵێ لەبارەی خوداوە لە عیسای مەسیحدا هاتەدی ! هاوکات باوەڕداران دوو کتێبی پیرۆزیان نیە ، بەڵکو تەنها یەك کتێبی پیرۆزەو بە سروش لە دانەری ڕەسەنەوە هاتوە کە (ڕۆحی پیرۆزە) لەبەرئەوە پەیمانی کۆن بە باشترین شێوە ڕاڤەی ڕاگەیاندنی پەیمانی نوێ دەکات ، لێرەدا پۆڵسی نێردراو مافی خۆیەتی ئەوە جێبەجێ بکات کە لەبارەی خوداوە وتراوە لە پەیمانی کۆن وەك چۆن لەبارەی عیسای مەسیحەوە لە پەیمانی نوێدا هاتەدی!

لە پەیمانی کۆن ، خودا سەرکەوت بەسەر دوژمنەکانیدا لەسەر زەوی ، وە دیاری لە خەڵکی شکستخواردوو دەستکەوت ، وە بەرزبۆوە بۆ ئاسمان لە کەژاوەی سەرکەوتنیدا و زۆرێك لە دیلەکان پەلکێش دەکات ( زۆرێك لە دیلەکان لەگەڵ خۆیدا دەبات ).

وە لە پەیمانی نوێدا ، عیسای مەسیح سەرکەوت لە ڕێگەی مردنی و هەستانەوەی لەسەر زەوی ، وە دیاری بەخشی بە خەڵکی لەسەر زەوی ، وە بەرزبۆوە بۆ ئاسمان بە سەرکەوتویی تاکو زۆرێك لە دیلەکان لە کەژاوەکەیدا بەڕێوەبەرێت .

ئیدی بەم شێوەیە لە ٢ کۆرنسۆس ٢: ١٤ و ئەفەسۆس ٤: ٨ دیلەکان ئاماژەن بۆ باوەڕداران ئەوانەی پڕ بوونە بە خۆشەویستی مەسیح و بەزەیی و میهرەبانیەکەی و نیعمەتەکەی "لێخۆشبونەکەی" و ڕاستیەکەی (یۆحەنا ١: ١٧). ئێستا ئەوان دوای مەسیح کەوتوون لە کەژاوەی سەرکەوتنیدا ! عیسا ئەوانی بەدەستهێنا وەك دەستکەوت لە پێناوی کارە ڕزگاریەکەی کە تەواوی کرد لەسەر خاچ.

بەڵام عیسا وەریگرت تاکو ببەخشێ . ئەو دیلەکانی ڕاپێچ کرد بۆئەوەی وەك خەڵات پیشکەشیان بکات بە شانشینەکەی خۆی و تاکو هەستن بەکاری شانشینەکەی لەسەر زەوی . لەنامەی ئەفەسۆس ٤: ١١ دا هاتوە ،

نێردراوان و پێغەمبەران و موژدەگەران و شوان و مامۆستایان لەو بەهرانەن کە عیسا دەیبەخشێ بۆ کڵێساکەی (بەڵام بە پێویست نازانرێ بۆ هەر مێگەلێك تاکڕەو بێت) بۆ ئامادەکردنی باوەڕداران لەپێناوی کاری خزمەت لە جەستەی مەسیحدا . چونکە ئەم بەهرانەو کەسانە (خزمەتکاری تەرخانکراون) نەك وەك ئەرکی فەرمانبەری یان (خزمەتگوزاری) . زۆر گرنگە ئەوە بزانین کە ئەو کەسانەی کاری خزمەت لەهەر کڵێسایەکدا دەکەن لە ژێر ڕابەرایەتی پیرانی کڵێسادا بن (کردار ١٤: ٢٣؛ تیتۆس ١: ٥؛ ١پەترۆس ٥: ١).

<u>دابەزینی عیسای مەسیح و بەرزبونەوەی .</u>

لێرەدا ڕووکاریەك دەبینین لە نێوان دابەزینی عیسای مەسیح بۆ " بەشی هەرە خوارەوەی زەوی " (یان ڕەنگە بە وەرگێڕانێکی باشتر ، ئەو ناوچانەی زۆر نزمن لە زەویدا ) وە بەرزبونەوەی بۆ " سەروی هەموو ئاسمانەکان " . (پۆڵسی نێردراو و پەترۆسی نێردراو لە ١پەترۆس ٣: ١٨- ٢٢ ) ئاماژە بە دابەزینی عیسا ناکەن بۆ جیهانی ڕۆحی ، بەڵکو دابەزینی عیسا بۆ نزمترین پلە کە هیچ مرۆڤێك پێی نەگەیشتوە .
هەرچەندە کە عیسای مەسیح یەکسانە بە خودا ، لەگەڵ ئەوەشدا وازی لەو پێگە باڵایەی خۆی هێنا و سروشتێکی مرۆڤانەی سادەی وەرگرت و بوە خزمەتکاری هەموو خەڵکی ، وە مرد وەك تاوانبارێك لە پێناوی گوناهەی خەڵکی ( فیلیپی ٢: ٥- ٨ ). لە کۆتاییدا خودا وازی لێهێنا لە سروشتە مرۆڤانەکەیدا (مەتا ٢٧: ٤٦).

لەبەرئەوە خودای باوك بەرزی کردەوە بۆ بەرزترین و باڵا ترین پلەوپایە لە گەردوندا تاکو هەموو ئەژنۆیەك ڕۆژێك لە ڕۆژان کڕنوشی بۆ بەرێت ، وە تاکو هەموو زمانێك دان بنێت بەودا کە پاشای پاشاکانەو گەورەی گەورەکانە (فیلیپی ٢: ٩- ١١) ؛ بەراوردی بکە بە ١پەترۆس ٣: ٢٢).
جگە لە عیسای مەسیح هیچ کەسێ دانەبەزیوە بۆ ئەم پلەیە و گوناهەی جیهانی هەڵگرت بەو پەڕی ئازارو ناخۆشی و پەژارەوە (مەتا ٢٧: ٤٦)!
وە جگە لە عیسای مەسیح هیچ کەسێ بەرزنەبۆوە بۆ ئەم پلەوپایە و

دانیشێ لەلای ڕاستی خودای باوك تاكو پلانی خودا بۆ ڕزگاری ڕابگەیەنێ وجێبەجێ بكات لەم جیهانەدا(بینین ٥: ١- ١٤)!

شانشینی کۆتایی مەسیح .

تەواوكاریەكانی سەركەوتنی عیسای مەسیح ئەو كاتەیە كە هەموو گەردوون پڕ یاخود "تەواو" دەكات (ئەفەسۆس ٤: ٩- ١٠). ئەو كات كڵێسا پڕو تەواو دەبێ (ئەفەسۆس ١: ٢٣؛ بەراوردی بكە بە ٢ پەترۆس ١: ٤؛ ١ یۆحەنا ٣: ١- ٣ ). ئینجا دەسەڵاتدارێتی دەكات تاكو هەموو دوژمنەكانی دەخاتە ژێر پێیەكانی ( ١كۆرنسۆس ١٥: ٢٥). ئینجا هەموو شتەكانی ئاسمان و زەوی دەخاتە ژێر دەسەڵاتیەوە (ئەفەسۆس ١: ١٠). لە كۆتاییدا ، شانشینیەكەی هەموو گەردوون پڕ دەكات ( دانیال ٢: ٤٤)! وە شانشینیەكەی هەتاهەتایی دەبێت (ئیشایا ٩: ٧؛ ٢ پەترۆس ١: ١١)!

**<u>٢- بەرزبونەوەی عیسای مەسیح بۆ ئاسمان بەڵگەی مسۆگەرە لەسەر ئەوەی ئەو نوێنەری هەمیشەیی هەموو باوەڕدارانە و داكۆكیكاری هەمیشەیی یە لای خودا لە ئاسمان .</u>**

عیبرانیەكان ٩: ٢٤- ٢٨؛ عیبرانیەكان ٧: ٢٣- ٢٨؛ ڕۆما ٨: ٣٤؛ ١یۆحەنا ٢: ١- ٢ ؛ بینین ٨: ٣- ٥ بخوێنەوە .

ئەنجامی پێنجەمی بەرزبونەوەی عیسای مەسیح بۆ ئاسمان و دانیشتنی لەلای ڕاستی خودای باوك ئەوەیە نوێنەرایەتی باوەڕداران دەكات لەلای خودای باوك لە ئاسمان و داكۆكیكاریانە هەموو كاتێك. عیسای مەسیح زامنی پەیمانێكی باشترە لەو پەیمانە كۆنەی كە خۆی لە تەورات دا دەبینیەوە (عیبرانیەكان ٧: ٢٢).

(أ) عیسای مەسیح نوێنەری هەمیشەیی باوەڕدارانە لەلای خودای باوك لە ئاسمان .

پاككردنەوەی پەرستشەكان لە پەیمانی كۆندا ئاماژەبوو بۆ پاككردنەوەی ڕۆحی لە پەیمانی نوێدا .

لە عیبرانیەکان ٩: ٢٤ دەخوێنینەوە : " چونکە مەسیح نەچوە پیرۆزگای دەستکرد کە لەبەرگیراوەی شتە ڕاستەقینەکەیە ، بەڵکو خودای ئاسمان . ئێستاش لەوێ لەبەردەم خودا بۆ ئێمە دەردەکەوێت ".

وە لە عیبرانیەکان ٩: ٢٣ نوسەر پێداگری دەکات کە پەرستشەکانی پەیمانی کۆن (قوربانی و پەرستن ) ئەوانەی جێبەجێ دەکران لە شوێنی هەرە پیرۆز لە زەوی ڕاستی و کاریگەر بوون لە ڕووی پاککردنەوەی پەرستشەوە بۆ شتە زەمینەییەکان ؛ بەڵام هاوکات دڵنیامان دەکاتەوە کە هیچ کاریگەریەکی نەبوە لە لابردنی هەڵەو کەموکوڕیەکانی ناوەوەو نەیتوانیوە وەك پاککردنەوەی ڕۆحی کاریگەر بێت . چونکە پاککردنەوەی پەرستشانە گونجاو بوە لەگەڵ شتە ماددیە بەرهەستەکان . بەڵام ئەو شتانەی پەیوەندیان بە ڕۆحەوە هەیە بەرهەست نین و پێویستیان بە قوربانیەکی باشتر بوو . پەرستشەکانی پەیمانی کۆن تەنها سێبەری ڕاستیە ڕۆحیەکانی پەیمانی نوێ بوون . بەڵام شتە ئاسمانیەکان داوای پاککردنەوەی ڕۆحی دەکات لە ویژدانی خەڵکدا . ئەم پاککردنەوەیەش سەر بە جیهانی ڕۆحیە نەك سەر بەم جیهانە ماددیە. گەلی خودا پێویستی بەو پاککردنەوەی ناوەوە هەیە تاکو بتوانن نزیك ببنەوە لە خودا ، وە گوناهەکانیان بەرەو شتێکی دیکەیان نەبات ، وە تاکو ئامادە بن لەگەڵ خودا نیشتەجێ بن .

<u>پاککردنەوەی ڕۆحی لە پەیمانی نوێ دا بە خوێنی عیسای مەسیح .</u>

بە مردنی مەسیح (لە ڕێگەی پرژانی خوێنی) گەلی خودا بووە "ماڵی خودا" (عیبرانیەکان ٣: ٦؛ ٢کۆرنسۆس ٦: ١٦؛ ئەفەسۆس ٢: ٢٢؛ ١پەترۆس ٢: ٥). وە بۆئەوەی ببنە ماڵێکی ڕۆحی لەم شێوەیە دەبێ ئەزموندار بن لە نوێبونەوەو پاکبونەوە "بە خوێنی پرژاوی عیسای مەسیح " (١پەترۆس ١: ٢، ١٩، ٢٢). لەبەرئەوە کتێبی پیرۆز پەیمانی نوێ (ئینجیلێکی جاویدانی نوسراوە لە ئاسمان)، وە شوێنی هەرە پیرۆزی باوەڕداران (ئۆرشالیمی ئاسمانیە : عیبرانیەکان ١٢: ١٨- ٢٤)، وە گەلی خودا (کڵێسایە کە دان دەنێت بە خاچی خوداوەند عیسای مەسیح و ئەو ئەندامانەن کە دڵیان خەتەنە کراوە بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە : گەلاتیا ٦:

١٦؛ ڕۆما ٢: ٢٨- ٢٩) ئەوانە هەمویان پیرۆز کران بە خوێنی مەسیح . ئەوانە هەمویان هەڵگری مۆری مەسیحن .

سەردەمی هاتنەدی پەیمانی نوێ جێی سەردەمی پەیمانی کۆنی گرتەوە. نوسەری نامەی عیبرانیەکان ٩: ٢٤- ٢٦ دەڵێ کاتێ گوناهباران ئامادە دەبن لەبەردەم خودا ئەگەر چی لەڕێگەی سەرۆکی کاهینانەوە بێت دەبێت لە گوناهەکانیان پاکبنەوە تاکو ئامادەگی و شوێنی پیرۆزی خودا گڵاو نەکەن . بەڵام دوای ئەوەی مەسیح کاری ڕزگاری تەواو کرد لە ڕێگەی مردنی و هەستانەوەی لەسەر زەوی ، بەرزبۆوە بۆ ئاسمان و دانیشت لەلای ڕاستی خودای باوك تاكو نوێنەرمان بێت بۆ هەتاهەتایە لەبەردەم خودا . وە بەرگریمان لێ دەكات لەلای خودای باوك ، وە مردنەكەی لەسەر خاچ وەك قوربانی كەفارەتمەندانەی تەواو بۆ گوناهەكانمان پێشكەش دەكات ( ١یۆحەنا ٢: ١- ٢). لە ماوەی پەیمانی كۆن كاهینەكانی سەرزەوی دەبوو بەزۆری و چەندین جاربچنە ناو شوێنی هەرە پیرۆزی پەرستگای سەرزەوی . بەڵام عیسای مەسیح یەك جار لە مێژوودا چووە ناو ئاسمان (كاتی بەرزبونەوەكەی) . لەلایەكی ترەوە كاهینەكانی سەرزەوی دەبوو هەستن بە ئەنجامدانی پەرستشی پاككبونەوە . بەڵام عیسای مەسیح پاككبونەوەی ڕۆحی و نوێبونەوەی ڕۆحیمانی زامن كرد ئەوەی لێخۆشبونی ڕاستەقینە لە هەموو گوناهەكانمان لەخۆ دەگرێ ، واتە پاككبونەوەی ڕاستەقینەی دڵ و ویژدانمان .

<u>دەستەواژەی "كۆتایی ڕۆژگار" ئاماژەیە بۆ زەمەن و ڕۆژگاری هاتنەدی.</u>

لەڕاستیدا مەسیح یەك جار لەسەر زەوی دەركەوت "لە كۆتایی ڕۆژگاردا" (كاتی هاتنی یەكەمی) تاكو مامەڵەیەكی یەكلاكەرەوە بكات لەگەڵ گوناهەدا . وە پێویستە ئێمەش ئەوە بزانین كە مەسیح لەكاتی هاتنەدی نەهاتوە، بەڵكو هاتنەكەی وایكرد كاتەكە كاتی هاتنەدی پێشبینیەكان بێت ! چونكە هاتنی یەكەمی و كارە خۆبەختیەكەی كاریكردە سەر هاتنەدیەكە .

"كۆتایی ڕۆژگار" ئەو ماوەیەیە كە كەوتووەتە نێوان هاتنی یەكەم و دوەمی مەسیح .

ڕوداوەکانی خوارەوە لە "کۆتایی ڕۆژگار"ڕویاندا واتە لە ڕۆژگاری یەکەمی عیسای مەسیح دا: عیسای مەسیح دەرکەوت "لەم ڕۆژگارانەی دوایی" (١ پەترۆس ١: ٢٠). وە خودا لەگەڵمان دووا " لەم ڕۆژگارانەی دوایی" (عیبرانیەکان ١: ١- ٢). وە مەسیح تەنها یەکجار دەرکەوت تاکو گوناهـ بسڕێتەوە ، بەوەی خۆی کردە قوربانی "لەم ڕۆژگارەی کۆتاییدا" (عیبرانیەکان ٩: ٢٦). وە ڕۆحی پیرۆز ڕژا بەسەر مرۆڤدا لە"ڕۆژانی کۆتاییدا" (کردار ٢: ١٧).

بەڵام ئەم ڕوداوانەی خوارەوە لە کاتی هاتنەوەی دوەمی مەسیح "لە ڕۆژگاری کۆتاییدا" ڕوودەدەن : هەستانەوەی مردوان لە "ڕۆژگاری کۆتایی" ڕوو دەدات (یۆحەنا ٦: ٣٩- ٤٠). هەروەها حوکمدانی کۆتایی لە "ڕۆژگاری کۆتایی" ڕوودەدات کاتێ ووتەکەی عیسا کاردەکات بۆ حوکمدانی بێ باوەڕان ( ١٢: ٤٨).

ئیدی بەم شێوەیە ، ڕاگەیاندنی خودا لە ڕۆژگاری بەدیهێنانەوە تاوەکو هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح بەشێوەی پلەبەندی بوو . بەڵام هیچ پلەبەندیەك لە دەرەوەی چوارچێوەی عیسای مەسیح نیە! چونکە خودا لەڕێگەی عیسای مەسیحەوە دووا "لەم ڕۆژگارەی کۆتاییدا" . وە ئەم دەستەواژەیە لە پەیمانی کۆندا ئاماژەیە بۆ ئەو کاتەی وشەی پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن دێنە دی (پەیدابوون ٤٩: ١؛ وتەکان ٤: ٣٠؛ ئیشایا ٢: ٢؛ یەرمیا ٣٠: ٢٤؛ خزقیال ٣٨: ١٦؛ دانیال ١٠: ١٤ ؛ هۆشەع ٣: ٥؛ میخا ٤: ١).

**<u>(ب) عیسای مەسیح داکۆکیکاری هەمیشەییە بۆ باوەڕداران لەئاسمان لەلای خودا .</u>**

<u>عیسای مەسیح سەرۆك کاهینی هەتاهەتاییە .</u>

دوو هۆکار ئەوە دەردەخەن کە عیسای مەسیح پەرستشەکانی پەیمانی کۆنی تەواو کرد :

یەکەم : عیسای مەسیح بێ گوناهـ بوو ( عیبرانیەکان ٧: ٢٦، ٢٨). وە قوربانیەکەی نەك تەنها سێبەر و وێنەی ڕاستی بێت بەڵکو خودی ڕاستی بوو .

دوەم: عیسای مەسیح هەستایەوە لە نێو مردوان و بۆ هەتاهەتایە زیندوە ( عیبرانیەکان ٧: ٢٣- ٢٤)! چونکە ئەو سەرۆك کاهینی هەتاهەتاییە و کاهینایەتیەکەی هەتاهەتاییە .

<u>عیسای مەسیح تەنها داکۆکیکارو تەنها ڕزگارکارە .</u>

بە پشتبەستن بە باسی ڕابردوو، دوو شت هەیە مەسیح دەتوانێ ئەنجامی بدات کە هیچ پێغەمبەرێك یان کاهینێکی دیکە ناتوانن ئەنجامی بدەن :

یەکەم: تەنها عیسای مەسیح دەتوانێ خەڵکی ڕزگار بکات لە گوناهەکانیان . نێردراوان دەڵێن : " بێجگە لەو ڕزگاربوون نیە ، چونکە ناوێکی دیکە لە ژێر ئاسمان دا نیە لەناو خەڵك دا پێشکەش کرابێ ، بەوەوە پێویست بکات ڕزگار بین" (کردار ٤: ١٢).

دوەم : عیسای مەسیح تەنها نێوەندگیرە لە نێوان خەڵکی و خودا ، ئەو داکۆکیکارمانە لەلای خودا . ؛ە عیبرانیەکان ٧: ٢٥ دەخوێنینەوە کە عیسای مەسیح هەمیشە دەژی تاکو داکۆکی لەوانە بکات کە ڕزگاری کردوون .

<u>عیسای مەسیح نێوەندگیرمان و تەواوکاری نوێژەکانمانە.</u>

لە بینین ٨: ٣- ٥ دەخوێنینەوە کە بخوورێکی زۆر لەگەڵ نوێژی پیرۆزکراوان پێشکەش دەکرێ لەسەر زەوی پێش ئامادەبوون لە بەردەم تەختی خودا. لەئەنجامی ئەمەشدا یەکێك لە فریشتەکان ئاگر فڕێ دەداتە سەر زەوی . وە لە بینین ٥: ٨ دەبینین کە بخوور ئاماژەیە بۆ نوێژەکانی پیرۆزکراوان . بەڵام لە بینین ٨: ٣ بخوور ئاماژەیە بۆ نوێژەکانی عیسای مەسیح ئەوەی دانیشتوە لەلای ڕاستی خودا لە ئاسمان . وە نوێژی پیرۆزکراوان هەر لە خۆیەوە بەرز نابێتەوە بۆلای خودا چونکە هەموو خەڵك گوناهبارن . بۆ ڕازی کردنی خودا نوێژەکانی پیرۆزکراوان

پێویستی بە کەفارەت هەیە هەروەها ! نوێژەکانیان تەواو نیە تاکو تێکەڵ بە بخوور و پێشکەش بە فریشتەکان بکرێ . وە بخووری زۆر وێنەی کاری ڕزگاری مەسیحە (کەفارەتمەندانەکەی) ئەوەی لەسەر خاچ تەواوی کرد و لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە جێبەجێی دەکات و هەروەها نوێژە داکۆیکارییەکەی لەپێناوی گەلەکەیدا . لەبەرئەوە بخووری زۆر وێنەی داکۆکیکاریی بەردەوام و تەواوی مەسیحە لە ئاسمان لە پێناوی باوەڕدارانی سەر زەوی ؛ بۆ کڵێسا چەوساوەکەی لەسەر زەوی (ڕۆما ٨: ٣٤ ؛ عیبرانیەکان ٧: ٢٤- ٢٥ ؛ ٩: ٢٤). ئیدی نوێژە تەواوەکانی مەسیح لە ئاسمان کار دەکات لە پێناوماندا بۆ پاککبونەوەو پیرۆزکردنی نوێژە ناتەواوەکانمان لەسەر زەوی . هەروەها نوێژەکانمان پاك دەکاتەوە لە حەزو ئارەزوی گوناهەو خۆویستی . ئیدی بەهۆی نوێژە تەواوەکانی مەسیح لە پێناوماندا ، نوێژە ناتەواوەکانمان تەواو دەکات و بەرزدەکاتەوە بۆ خودا !

**٣- <u>کاتێ عیسای مەسیح بەرزبۆوە بۆ ئاسمان ڕۆحی خۆی نارد تاکو ببێتە نوێنەری هەمیشەیی ئەو لای هەموو باوەڕداران لەسەر زەوی .</u>**

یۆحەنا ١٦: ٧؛ ١٤: ١٦- ١٨ **بخوێنەوە** .

ئەنجامی شەشەمی بەرزبونەوەی مەسیح بۆ ئاسمان و دانیشتنی لەلای ڕاستی خودا ئەوەیە ڕۆحی پیرۆزی نارد تاکو ببێتە نوێنەری ئەو لەسەر زەوی . چونکە ڕۆحی پیرۆز ڕاستێتی خودای باوك و عیسای مەسیح لەسەر زەوی دەچەسپێنێ . وە ڕۆحی پیرۆز بوە زامن "مۆرو پێشەکی ڕۆحی پیرۆز" بۆ هەموو شتێکی ئایندەیی (٢ کۆرنسۆس ١: ٢٢).

(أ) عیسای مەسیح داوا لە خودای باوك دەکات کە ڕۆحی پیرۆز ببەخشێ بە قوتابیەکانی .

عیسای مەسیح فەرموی : " منیش داوا لە باوك دەکەم یارمەتیدەرێکی دیکەتان بداتێ کە تاهەتایە لەگەڵتان بمێنێتەوە " (یۆحەنا ١٤: ١٦).

لە زمانی یۆنانیدا دوو کردار هەیە بۆ واتای وشەی "داوادەکەم".

کرداری " داوادەکات" بە "یۆنانی ئێتیۆ" بەکاردێت بۆ کاتێ کەسێك داوای شتێك دەکات لە کەسێکی باڵا تر لە خۆی. وە ئەم وشەیە بە هەمیشەیی بەکاردێت لە نوێژی باوەڕدارانی مەسیحدا بۆ خودای باوك بە واتای " داواکاری بەکوڵ " یان " پاڕانەوە" ( یۆحەنا ٤: ٩- ١٠؛ ١٤: ١٣؛ ١٥: ٧، ١٦؛ ١٦: ٢٣- ٢٤، ٢٦).

بەڵام کرداری "داوادەکات" (بە یۆنانی ئێرۆتۆ) بە هەمیشەیی بەکاردێت کاتێ کەسێك داوای شتێك دەکات لە کەسێکی دیکەی یەکسان بە خۆی . بۆیە دەبینین ئەم وشەیە هەمیشە بەکارهاتوە لە وتوێژو داواکاریەکانی عیسای مەسیح کە ئاراستەی خودای باوکی کردوەو ، ئەو داواکاریەکانی لەسەر بنەمای یەکسانی و هاوچەشنی کردوە ( یۆحەنا ١٤: ١٦؛ ١٧: ٩، ١٥، ٢٠)!

کەواتە نابێ دیدوبۆچونمان وەها بێت کە عیسای مەسیح دەیەوێ هاوسۆزیەك بەدەستبهێنێ لە خودای باوك . چونکە عیسای مەسیح وەڵامی هەموو نوێژەکانی وەرگرت لەسەر بنەمای کارە ڕزگاریە تەواوەتیەکەی!

**(ب) __ڕۆحی پیرۆز نوێنەری عیسای مەسیحە لەلای باوەڕداران لەسەر زەوی .__**

عیسا فەرموی کە ئەو یارمەتیدەرەی دیکە " تاهەتایە لەگەڵتان دەمێنێتەوە... چونکە لەئێوەدا دەبێت و لەناوتان دەبێت" (یۆحەنا ١٤: ١٦، ١٧).

وە وشەی "یارمەتیدەر" (پەراکلیتە) ئاماژەیە بەتەواوی بۆ کەسێك بانگ دەکرێ بۆ وەستان لەگەڵتدا بۆ ئەوەی هاوکارت بێت . بەڵام ئاماژەیەك نیە بە شێوەی نەرێنی بە واتای وشەی "پارێزەر" وەك چۆن لە وەرگێڕانە لاتینیەکانی کتێبی پیرۆزدا هاتوە . هەروەها ئاماژەش نیە بۆ واتای نەرێنی وەکو وشەی " دڵنەوایی" وەك چۆن لە وەرگێڕانە یۆنانیەکەدا هاتوە لە ئەیوب ١٦: ٢ . بەڵکو ئاماژەیە بۆ واتای ئەرێنی وشەی "یارمەتیدەر" یاخود "نێوەندگیر" یانیش "نوێنەر" وەك ئەوەی لە فەرهەنگ و وێژەی یۆنانیدا هەیە .

له نامەی یەکەمی یۆحەنادا ئاماژە بۆ عیسای مەسیح دەکات کە ئەو (نوێنەر) یاخود داکۆکیکاری باوەڕدارانە لە ئاسمان . ئەو بۆ خودای باوك دەدوێ لە بری باوەڕداران ( ١یۆحەنا ٢: ١). ئیدی بەم شێوەیە ، ئەو داکۆکیکارو نوێنەری باوەڕدارانە لە ئاسمان . ئەو نێوەندگیرە لە نێوان باوەڕداران و خودا . ئەو داکۆکی دەکات لە باوەڕداران لەبەردەم خودا لە ئاسمان . لەبەرئەوە ئەو یارمەتیدەرە یاخود نوێنەری باوەڕدارانە لە ئاسمان.

ئینجیلی یۆحەنا ، ڕۆحی پیرۆز بە نوێنەری عیسای مەسیح لەسەر زەوی ناودەبات. چونکە ئەو لەبری عیسای مەسیح لەگەڵ باوەڕداران دەدوێ (یۆحەنا ١٤: ١٦- ١٧؛ ١٦: ١٣- ١٥). وە ئەو بریکاری عیسای مەسیحە لەبەردەم باوەڕداران لەسەر زەوی ؛ واتە نێوەندگیرە لە نێوان عیسای مەسیح و باوەڕدارانی. ئەو وشەکانی عیسای مەسیح ڕاڤە دەکات و بۆمانی ڕوون دەکاتەوە لەسەر زەوی ( یۆحەنا ١٤: ٢٦؛ ١٥: ٢٦؛ ١٦: ١٤). هەروەها ئەو ، ئەو کارە ڕزگارییە جێبەجێ دەکات کە مەسیح تەواوی کرد (بێتاوانکردن و پیرۆزکردن ) لە ژیانی خەڵکی سەر زەوی . ئەو عیسای مەسیح شکۆدار دەکات لە نێوان باوەڕداراندا لەسەر زەوی ( یۆحەنا ١٦: ١٣- ١٥). ئیدی بەم شێوەیە ڕۆحی پیرۆز یارمەتیدەر یاخود نوێنەرو بریکاری عیسای مەسیحە لەسەر زەوی . وە دوای ڕژانی ڕۆحی پیرۆز بەسەر باوەڕداراندا ئیدی ڕۆحی مەسیح " لەگەڵ " باوەڕداراندا دەبێت و " لە نێویاندا " دەبێت ؛ واتە لەگەڵیان دەبێت و یارمەتیان دەدات ، هەروەها لە ژیان و دڵیاندا دەبێت . چونکە خودا (مەسیح) بەهۆی ڕۆحیەوە دێت و لەنێو کڵێسادا نیشتەجێ دەبێت (ئەفەسۆس ٢: ٢٢) وە پاشایان و کاهینان و پێغەمبەران لە گەلەکەی خۆیدا پێکدەهێنێ لە نێو هەموو نەتەوەکانی جیهان ( ١ پەترۆس ٢: ٩- ١٠). پێش ڕژانی ڕۆحی پیرۆز ، گەلی خودا لە پەیمانی کۆندا "ڕۆڵە"ی ملکەچی تەورات بوون . بەڵام دوای ڕژانی ڕۆحی پیرۆز ، بوونە "ڕۆڵەی خوداو میراتگری" (گەلاتیا ٤: ١- ٧). وە گەلی خودا لە پەیمانی نوێدا هەروەها بە پەرستگای ڕۆحی ناودەبرێن ( ١کۆرنسۆس ٦: ١٦)، وە گەلی خودا تەنها لە یەك

نەتەوە پێك نەهاتوە بەڵكو لە هەموو نەتەوەو گەلانی جیهان پێكهاتوە ( بینین ٥: ٩- ١٠).

ڕۆحی پیرۆز تەنها هێزێك نیە وەك چۆن ( ئەوانەی سیانەیی ڕەتدەكەنەوە) ، بەڵكو ئوقنومێكە هەڵگری خەسڵەتەكانی كەسایەتیە ( یۆحەنا ١٤: ٢٦؛ ١٥: ٢٦ ؛ كرداری نێردراوان ١٥: ٢٨؛ ڕۆما ٨: ٢٦؛ ١ كۆرنسۆس ١٢: ١١؛ ١ تیمۆساوس ٤: ١؛ بینین ٢٢: ١٧). وەك چۆن خودای باوك ئوقنومە ، خودای كوڕ ئوقنومە ، هەروەها ڕۆحی پیرۆزیش ئوقنومە ( مەتا ٢٨: ١٩؛ ١ كۆرنسۆس ١٢: ٤- ٦ ؛ ٢ كۆرنسۆس ١٣: ١٤؛ ١ پەترۆس ١: ١- ٢). ئەو خاوەنی هەمان سروشتە ، ئەو یەكە لە ناوەڕۆكدا لەگەڵ خودای باوك و خودای كوڕ.

ئیدی بەم شێوەیە، ڕۆحی پیرۆز نوێنەرو نێوەندگیرێكی "دیكە" نیە ( یۆحەنا ١٤: ١٦) بەو واتایەی جیاواز بێت لە عیسای مەسیح ، بەڵكو ئەو نوێنەرو نێوەندگیری عیسای مەسیحە وەك چۆن عیسای مەسیح نوێنەری باوەڕدارانە لەبەردەم خودای باوك لە ئاسمان ، ئەوا ڕۆحی پیرۆزیش نوێنەری عیسای مەسیحە لەبەردەم باوەڕداران لەسەر زەوی . چونكە ڕۆحی پیرۆز ڕۆحی عیسای مەسیحە لەلای باوەڕداران و لە نێویاندا ( یۆحەنا ١٤: ١٦- ١٧). ئەو " مەسیحە لەناوتاندا " (ڕۆما ٨: ٩- ١٠؛ ٢كۆرنسۆس ٣: ١٧- ١٨)! بەڵام چونكە عیسای مەسیح بە جەستەو لاشەی مرۆڤانەی لەسەر زەوی بوو ، نەیدەتوانی لەیەك كاتدا ئامادە بێت لە هەموو شوێنێكدا . بەڵام دوای ئەوەی عیسای مەسیح بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە ئامادەیە ، دەتوانێ هاوكات لەهەموو شوێنێك دا ئامادە بێت لەسەر زەوی . هەموو مەبەستی مەسیح ، ناردنی ڕۆحی پیرۆز بوو بۆ باوەڕداران لەسەر زەوی ! هەربۆیە عیسا فەرموی كە باشترە بۆ ئێمە بڕوات لەبەرئەوەی كاتێ بەرزدەبێتەوە بۆ ئاسمان ڕۆحی پیرۆز دەنێرێ بۆ زەوی ( یۆحەنا ١٦: ٧).

ئەو كارانەی هەر سێ ئوقنومەكە پێی هەڵدەستێ پشت بە بوونی كاریگەرانەو ناوەڕۆك دەبەستێت . وە ڕژانی ڕۆحی پیرۆز (باپتیزم) كاری خودای باوكە (كردار ٢: ١٧؛ ١١: ١٦- ١٧)، لەهەمانكاتدا كاری

خودای کوڕە (مەتا ٣: ١١؛ کردار ٢: ٣٣). ئیدی بەهەمان شێوەی خودای باوك و خودای کوڕ ، ئەوا ڕۆحی پیرۆز فێرمان دەکات (یۆحەنا ١٤: ٢٦) و ڕێنمایی باوەڕداران دەکات بۆ ڕاستی تەواوەتی ( یۆحەنا ١٦: ١٣)، وە خەڵکی سەرزەنشت دەکات لەسەر گوناهـ و لەسەر ڕاستودروستی و لەسەر حوکمدان (یۆحەنا ١٦: ٨).

هیچ گومان لەوەدا نیە کە هەستانەوەی عیسای مەسیح لە نێو مردوان و بەرزبونەوەی لە زەویەوە بۆ ئاسمان و ڕژانی ڕۆحی پیرۆز ڕوداگەلێکی مێژوویی دانسقەیەو لە هیچ ئاینێکی دیکەدا بوونی نیە !

(ج) ڕۆحی پیرۆز ئەو کارە ڕزگاریە جێبەجێ دەکات کە عیسای مەسیح تەواوی کرد لە ژیانی باوەڕداراندا .

عیسا فەرموی : " منیش داوا لە باوك دەکەم یارمەتیدەرێکی دیکەتان بداتێ کە تەهاهەتایە لەگەڵتان دەمێنێتەوە ، ڕۆحی ڕاستی کە جیهان ناتوانێت وەریبگرێت ، چونکە نایبینێت و نایناسێت " (یۆحەنا ١٤: ١٦- ١٧).

عیسای مەسیح لە ئینجیلی یۆحەنادا بە "ڕاستی" ناودەبرێ . وە ڕۆحی پیرۆزیش بە "ڕۆحی ڕاستی" . هەروەها عیسای مەسیح لە (یۆحەنا ١٤: ٦) بە "ڕاستی" ناودەبرێ چونکە سێبەرو ڕاستیەکانی پەیمانی نوێ تەواو دەکات (یۆحەنا ١: ١٧؛ کۆلۆسی ٢: ١٧؛ عیبرانیەکان ٨: ٥؛ ١٠: ١). وە ڕۆحی پیرۆز بە "ڕۆحی ڕاستی" ناودەبرێ (یۆحەنا ١٤: ١٧) چونکە کاری ڕزگاری جێبەجێ دەکات ئەوەی عیسا تەواوی کرد لە ژیانی باوەڕدارانی نوێدا بە درێژایی مێژووی جیهان .

پێناسەی "جیهان" لێرەدا ئەوەیە کە پێکهاتوە لەو خەڵکانەی تاریکیان خۆش دەوێ نەك ڕوناکی چونکە کارەکانیان خراپەیە (یۆحەنا ٣: ١٩). ئەو جیهانە خراپەیە دژایەتی خوداو مەسیح و باوەڕداران دەکات (یۆحەنا ١٥: ١٨). وە ئەو جیهانە دوای درۆکانی شەیتان کەوتوە (یۆحەنا ٨: ٤٤؛ بڕوانە یۆحەنا ١٤: ٣٠)، بۆیە ناتوانێ جیاکاری بکات لە شتە ڕۆحیەکان و ناتوانێ پەسەندی بکات ( ١ کۆرنسۆس ٢: ١٢- ١٤)، وە دان نانێت بە ڕۆحی پیرۆزدا ( یۆحنا ١٢: ٢٢- ٣٧؛ کردار ٢: ١٢- ١٧). دوای

ڕژانی ڕۆحی پیرۆز ، بەڵام ئەم "جیهانە" پەسەندی ناکات (واتە ڕۆحی عیسای مەسیح ) پەسەند ناکات ، چونکە نایبینێ ، دانی پێدا نانێت ، وە نایەوێ ئەزموندار بێت لێی ، هەروەها هەردوو کرداری ڕێزمانی وەك وشەکانی ( "دەبینێ" و " دەزانێ") بە فۆرمەلەی کرداری ڕانەبردووی بەردەوام ڕەتدەکاتەوە . بەڵام باوەڕدارانی ڕاستەقینە ڕۆحی پیرۆز دەبینن و جیاکاری دەکەن و کارەکانی جیاکاری دەکەن و دەیبینن بە چاوی ڕۆحیان ، وە بەردەوام دانی پیادەنێن و هەڵبژاردەکانی بۆ ژیانیان پەسەند دەکەن .

**(د) <u>ڕۆحی پیرۆز ئامادەگی خوداو مەسیح دەکات بە ڕاستیەکی چەسپاو .</u>**

عیسا فەرموی : " بە هەتیوی بەجێتان ناهێڵم ، دێمەوە لاتان" (یۆحەنا ١٤: ١٨). لەگەڵ ئەوەی کە عیسای مەسیح لەسەروبەندی جێهێشتنی قوتابیەکانی بوو لەسەر زەوی تاکو بەرز بێتەوە بۆ ئاسمان ، بەڵام بەڵێنی پیدان کە دەگەڕێتەوە بۆلایان لەڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە .

وە ڕۆحی پیرۆز هەموو ئەو شتانە بە بیری باوەڕداران دێنێتەوە کە عیسای مەسیح فەرموی کاتێ لەسەر زەوی بوو ، وە هەموو ئەو شتانەیان فێر دەکات کە پێویستە بیزانن ( یۆحەنا ١٤: ٢٦)، وە دەبێتە شایەت بۆ عیسای مەسیح (یۆحەنا ١٥: ٢٦)، وە عیسای مەسیح شکۆدار دەکات ( یۆحەنا ١٦: ١٣- ١٥)؛ وە خەسڵەتە خوداییەکەی عیسای مەسیح دەکات بە ڕاستیەکی چەسپاو و بەرهەست لە نێو باوەڕداراندا ، وە مەسیح دەخاتە ناوەندو چەقی ژیانیانەوە ، وە ئەو کارە ڕزگاریە جێبەجێ دەکات لە ژیانی باوەڕداران لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە کە مەسیح پێی هەستا لە هاتنی یەکەمیدا . ئیدی بەم شێوەیە ، کاتێ لە ڕۆژی پەنجاهەمیندا ڕۆحی پیرۆز ڕژا بەسەردا ، عیسای مەسیح گەڕایەوە بۆلای شوێنکەوتوەکانی .

وە یۆحەنا ١٤: ١٨ ئاماژە بۆ هاتنی دوەمی ئایندەیی عیسای مەسیح ناکات ، بەڵکو بۆ هاتنی ڕۆحی پیرۆز لە ڕۆژی پەنجاهەمیندا ! ئەمەش ئەو هۆکارەیە کە ناسینی عیسای مەسیح و ئەزمونداری و هاوبەشی کردنی لە مردنی و هەستانەوەی دەبێتە بەروبومی ڕۆحی پیرۆز (ڕۆما ٨: ٩- ١١،

١٥- ١٧؛ ١كۆرنسۆس ١٢: ١٢- ١٣). چونكه خودای باوك و خودای كوڕ دێن ونیشتەجێ دەبن لەگەڵ باوەڕداران و لەنێویاندا دەبن لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە ( یۆحەنا ١٤: ٢٣).

**<u>٤- بەرزبونەوەی عیسای مەسیح بۆ ئاسمان و دانیشتنی لای ڕاستی خودای باوك ، كۆمەڵێ ڕووداوی مێژوویی لەسەر زەوی دروست كرد .</u>**

**بڕوانە** خاڵی (ب) لەسەرەوە .

ئەنجامی حەوتەمی بەرزبونەوەی مەسیح بۆ ئاسمان و دانیشتنی لای ڕاستی خودای باوك ئەوەیە ڕوداوە مێژوییەكانی دروست كرد لەسەر زەوی . چونكە ئەو دەسەڵاتدارێتی دەكات بەسەر جیهاندا لە نێویاندا بۆ چاكەی كڵێسا و دامەزراندنی شانشینە كۆتاییەكەی .

چونكە خودای دانیشتوی تەختەكەی لە چەق وناوەندی گەردوندا پلانە هەتاهەتاییەكەی جێبەجێ دەكات بۆ زەوی و گەلەكەی لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە . وە كاتێ عیسای مەسیح یەكێك لە مۆرەكانی پێچراوەكە دەكاتەوە لە ئاسمان ئەو تەنها ناوەڕۆكی پلانە جاویدانیەكەی خوداو رزگاریەكەی و حوكمدانەكەی ئاشكرا ناكات ، بەڵكو هەروەها جێبەجێی دەكات . چونكە هیچ شتێك لە مێژودا ڕونادات لەگەڵتدا یان لەگەڵ كڵێساكەت یان وڵاتەكەت بە بێ فەرمانی خودا یان بەبێ ڕێگەدانی خودا پێی !

بۆ نمونە ، چونكە عیسای مەسیح دەگەڕێ بە جیهانداو دڵ و بیری مرۆڤەكان داگیردەكات لە ڕێگەی هەواڵە خۆشەكەیەوە ( بینین ٦: ١- ٢). وە ئەو ڕێگە دەدات بە چەوسانەوەی ئاینی و بە كوشتنی باوەڕداران (بینین ٦: ٣- ٤) وە بە چەوسانەوەی سیاسی و ئابوری و دادوەری بەرامبەر بە باوەڕداران (بینین ٦: ٥- ٦) چونكە ئەمە بەشێكی دانەبڕاوە لە ڕاگەیاندنی هەواڵە خۆشەكە لە هەموو شوێنێكی ئەم جیهانە (بینین ٦: ٤- ٨). وە ئەو ڕێگە دەدات بە هەموو جیهان ، بە باوەڕداران و بێ باوەڕانیش كە تاكو مردن بناڵێنن ئیدی بە جەنگ و برسێتی بێت یان بە نەخۆشی و

ڕووداوەکان ( بینین ٦: ٧- ٨) وەك ئەنجامی کەوتنی مرۆڤ بە گشتی لە گوناهەدا .

لەگەڵ ئەمەشدا ، ئەو دەسەڵاتداریێتی گەردون و زەوی دەکات بۆ چاکەی کڵێساکەی ( ئەفەسۆس ١: ٢٢ ؛ هەروەها بڕوانە ڕۆما ٨: ٢٨). ئەو هەموو شتەکان کۆدەکاتەوە پێکەوە لەژێر یەك سەردا ئەویش عیسای مەسیحە . وە هەموو ئەژنۆیەك دەبێ بچەمێتەوە بۆ عیسای مەسیح و هەموو زمانێك دان بنێت بە عیسادا کە خوداوەندە . وە خەڵکەکە بەئارەزومەندانە ئەمە دەکەن لەڕێگەی پەسەندکردنیان بۆ ڕزگاری یان بە ناچاری بەهۆی حوکم بەسەردانیان کە دەدرێ بەسەریاندا .

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت** |

**بە نۆرە نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

| | |
|---|---|
| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە جەژنی

بەرزبونەوە: یادی بەرزبونەوەی عیسای مەسیح بۆ ئاسمان و دانیشتنی لای ڕاستی خودای باوك.

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوكاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ١ كۆرنسۆس ٩-١٢. باشترین شێوازی ڕاست بەكاربهێنە و تێبینیەكانت بنوسەوە .

٤- لەبەركردن : تێڕامان و لەبەركردنی ئایەتی نوێ : یۆحەنا ١: ١٦. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە كە لەبەرت كردوون .

٥- وانەی كتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی كتێبی پیرۆز ئامادە بكە لە ماڵەوە : ئینجیلی یۆحەنا ٢. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێكۆڵینەوەی كتێبی پیرۆز بەكار بهێنە. تێبینیەكانت بنوسەوە .

٦- نوێژ. نوێژ بكە بۆ كەسێكی دیاریكراو یان شتێكی دیاریكراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بكە خودا چی دەكات ( زەبور ٥: ٣).

٧- تێبینیەكانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی كڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە كە پەیوەندیان بە كاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەكانی لەبەركردن و فێركردن و ئامادەكاری یەوە.